*Journal of Language Studies.* **Vol. 5, No. 1, Atumn 2021, Pages (328-354)**

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# The Pronoun in Kurdish and Arabic Languages: A Contrastive Study

**Asst. Prof. Dr. Hatem Walia Muhammad** *
**Kurdish Department-Salahaddin University**
**E-mail: hatam.muhammad@su.edu.krd**
-----------------------------------------------
**Zana Majid Karim**
**Kurdish Department_ Salahaddin University**
**E-mail: zana.majeed.kareem@gmail.com**

**Keywords:**

- Kurdish Language
- Arabic language
-Contrastive
-Analysis
-Pronouns

**Article Info**

**Article history:**

**Received: 1-11-2021**

**Accepted: 20-12-2021**

**Available online**

**23-1-2022**

**Abstract**

This contrastive study aims at ferreting out the differences and similarities between the Kurdish languages and the Arabic in term of the pronoun. The study is considered of high importance since pronopuns which consred one of the most misleading element to the language learners. The research will be under the farme work of (Contrastive study). The study revealed that there are some areas of differences and other areas of similarities between these two languages in the pronouns. The research aims to study the contrasting between the two languages with specific attempts at reviewing the use of pronouns and in a bid to draw on the differences. The study consists of introduction and four chapters. In the first chapter, we have briefly explained the aspects of the contrastive study. In second chapter; we have studied the pronouns of the Kurdish language, in third chapter; we have studied the pronouns of the Arabic language. In fourth chapter, we have shown the similarities and differences in the subject of pronouns between the two languages. Conclusion, the research ends with a result of the material of chapters been shown in the research.

**(الضمائر) دراسة تقابلية في اللغتين الكردية و العربية**

* **Corresponding Author**: Dr. Hatem Walia, E-Mail: hatam.muhammad@su.edu.krd
**Tel**: +9647701265368 , **Affiliation**: Salahaddin University -Iraq

**أ.م.د.حاتـم ولـيا محمد**

**زانا مـجيد كـريـم**

| | |
|---|---|
| **الكلمات الدالة: -**<br><br>- اللغة الكردية<br>- اللغة العربية<br>- التحليل التقابلي<br>- الضمائر<br><br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>الاستلام: ٣-٩-٢٠٢١<br>القبول: ٢٠-١٠-٢٠٢١<br>التوفر على النت<br>23-1-2022 | **الخلاصة :** بحث مستل من رسالة ماجستير، تعد هـذا البحـث ذا أهميـة؛ لكونـه الدراسـة الرائـدة في مجـال مقابلـة الضمائـر في اللغـة الكردية ولغة العربيـة، حيث يعد علم اللغة التقابلي من أقدم مناهج علم اللغة الحديث، ومن أبرز العلوم المهمة في مجال اللغويات؛ إذ يهتم بدارسة النظام اللغوي في مختلف اللغات، ومقابلتها بعضها ببعض، وإبراز مواطن التشابه والاختلاف بين اللغات. تـهدف هـذه الدراسـة إلى المقابلة بين اللغة الكردية والعربية في موضوع الضمائر، بغية تحديد المشكلات التي تواجه الطلاب. وهذه الدراسة تتدرج في إطار (النظرية التقابلية)، وليست (النظرية المقارنة)، وقد تبنت الدراسة في ذلك منهج التحليل التقابلي. وتكتسب هذه الدراسة أهميتها من كونهنا قد أجريت في المقابلة بين اللغة الكردية في قضية الضمائر والتي تعد من أكثر العناصر اللغوية الي تقع فيها الأخطاء. وتهدف الدراسة إلى: ١) تعيين أماكن الوفاق والفراق بين اللغتين. ٢) بيان الضمائر في اللغتين وإلى أي مدى تتشابه وتختلف. ٣) بيان الأماكن التي يتوقع أن يجد الدارس الكردي فيها صعوبة وسهولة. وتتالف هذه الرسالة من المقدمة وأربعة فصول، ففي الفصل الأول: قمنا بشرح جوانب الدراسة التقابلية بشكل مختصر. اما في االفصل الثاني: قمنا بدراسة ضمائر اللغة الكردية وفي الفصل الثالث قمنا بدارسة ضمائر اللغة العربية. واما في الفصل الرابع: قمنا بإظهار **مواطن التشابه ومواطن** الاختلاف في موضوع الضمائر بين اللغتين. واختتمنا البحث بعرض النتائج والاستنجاجات التى توصلنا اليها من خلال الدراسة. |

**(جێناو لێكۆڵینەوەیەكی بەرامبەری لە نێوان زمانی كوردی و عەرەبیدا)**

# تویژنەوەیەکی هەڵێنجراو لە نامەی ماستەری زمانی کوردی بە ناونیشانی: جێناو لێکۆڵینەوەیەکی بەرامبەری لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا

سەرپەرشتیار
پ.ی.د.حاتــم ولـــیا محمد
زانکۆی سەڵاحەدین/ کۆلێژی پەروەردە

خوێندکاری ماستەر
زانا مـــجید کـــریـــم
زانکۆی سەڵاحەدین/ کۆلێژی پەروەردە

**پێشەکی:**
ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشـــانی (جێناو لێکۆڵینەوەیەکی بەرامبەری لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا) یە، هەڵێنجراوی نامەی ماستەرە. کە بۆ باسکردنی بەشە ئاخاوتنی (جێناو) لە هەردو زمانی کوردی-(زاری کرمانجی ناوەڕاست- سۆرانی) و زمانی عەرەبی پەتیدا تەرخانکراوە. ئەم توێژینەوەیەش، دەبێتە بەشـــێک لەو توێژینەوە بەرامبەرکاریانە، کە لە نیوان زمانی کوردی و عەرەبی ئەنجامدراوە، کە ئەمیان لە ئاســتی جێناوە و دەبێتە پێشـــەنگ لەم بوارەدا. زمانەوانی بەرامبەریش بە کۆنترین لقەکانی زمانەوانی هاوچەرخ دادەنرێت، کە گرنگی دەدات بەسیستەمی زمانی لە زمانە جیاوازەکان و بەرامبەرپێکردنیان لەگەڵ یەکتر و دەســـتنیشـــانکردنی لایەنی لێکچو و جیاواز لە نیوانیان. ئامانجیش لە توێژنەوەکە: ١) دیارکردنی لایەنی لێکچو و جیاوازە لە بابەتی جێناو لە نیوان هەردو زماندا. ٣) دەســـتنیشـــان کردنی ئەو ئاســـتەنگانەیە کە دوچاری قوتابی کورد دەبێتەوە لە فێربونی زمانی عەرەبیدا و دیاریکردنی ئەو بابەتانەی کە پێشـــبینی دەکرێت قوتابی کوردی توشـــی گرفت ببێت. ئەم لێکۆڵینەوەیەش پێکهاتووە لە چوار بەش، لە بەشـــی یەکەمدا: بەکورتی باســـی پێناســـە و ســـەرهەلدان و گرنگی وئامانجی لێکۆڵینەوەی بەارمبەری کراوە وهەروەها کورتیەک لەسـەر زمانی کوردی و عەرەبی وکاریگەریان بەسـەر یەکترەوە خراوەتەڕو. لە بەشـــی دووەمدا: باس لە جێناوەکانی زمانی کوردی کراوە. لە بەشـــی سێیەمدا: ئەم بەشـە تایبەت کراوە بە باسـکردی جێناوەکانی زمانی عەرەبی. لە بەشـی چوارەمدا: هەســتاین بە دەرخســتنی لایەنی لێکچو و جیاواز لە بابەتی جێناو لە هەردوو زماندا، لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانمان پیشانداوە کە پێێ گەیشتین لەمیانەی لێکۆڵینەوەکەدا.

**وشە سەرەکییەکان:** زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، لێکۆڵینەوەی بەرامبەری، جێناو

**دەستپێك:**
زمـان: دیـاردەیەکی گرنـگ وگشـــتییە لە دیـاردەکـانی کۆمەڵایەتی، ئەو ئـامرازەیە کە بیر دەگوازێتەوە بەوەش پەیوەندی لە نیوان ڕۆڵەکانی نەتەوە دادەنێت، هەر بەوەش نزیـک بوونەوە و گونجان دروست دەبێت، هەربۆیە فێربونی زمانێکی تر زیادکردنی ڕۆشنبیریەکی نوێیە بۆ ســـەر ڕوشـــنبیریەکەمان. بۆیە فێرخواز کە دەیەوێت فێری زمانێکی تر ببێت ئەوە نیە هیچ نەزانێت یان پڕزانین بێت، ئەمەش لە میانەی فێربوونی زمانەکەدا بۆی دەردەکەوێت کە هەندێ لایەنی لێکچوون یان جیاوازی لە نیوان هەردوو زماندا هەیە، بۆ ئەم مەبەســـتەش زاراوی لێکۆڵینەوەی بەرامبەری یـان شـــیتەڵکردنی بەرامبەری(contrastive analysis) بەکاردێت. توێژنەوە بەرامبەرییەکان هۆکاری گرفتە زمانییەکان دەدۆزێتەوە کە دوچاری فێرخوازانی زمانی دووەم یان بێگانە دەبێتەوە، لە میانەی خستنەڕوی لایەنی جیاواز و لێکچوو لە ڕێزمانەکە، کە پێشـبینی دەرئەنجامی هەڵەکانی دەکات کە بە هۆی لایەنە جیاوازەکانی نیوان هەردوو زمانەکەیە. زمانی کوردی و عەرەبی جۆرە نزیکبونەوەیەکیان لەیەکەوە هەیە لە ڕوی جوگرافی و مێژوییەوە، هەروەها زمانی عەرەبی کاریگەری زۆری بە سەر زمانی کوردییەوە هەیە لە دیارترینیان نوســـینە بە پیتی عەرەبی بۆ ڕێنووســـی کوردی و بەکارهێنانی وشـــەی عەرەبی لە زمانەکەدا. ســـەرباری ئەمانەش چونکە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لە دوو

خێزانە زمانی جیاوازن و لایەنی جیاوازی زۆر زیاترە لە یەکچوو، ئەمەش بۆتە گرفتێکی زمانی لەبەردەم کوردئاخێو لە کاتی فێربونی زمانی عەرەبیدا بە تایبەت ئەو ڕێزمانە جیاوازەی لەچاو زمانی زگماکی. هەربۆیە بەپێویستمان زانی کە توێژنەوەی بەرامبەری لە ئاستی جێناودا لە نیوان هەردوو زمان ئەنجام بدەین.

## ١-لێکۆڵینەوەی بەرامبەری

**١-١ پێناسە و سەرهەڵدانی:**'زاراوەی زمانەوانی بەرامبەری Contrastive linguistics بەو توێژنەوانە دەوترێ کە لایەنی لێکچو و جیاوازی لە نیوان دوو زمان یان زیاتر پرۆسێس دەکات، بە شێوەیەک هەر زمانێکیان سەر بە خێزانە زمانێکی جیاوازە لەوەی تر، ئەم جۆرە توێژنەوانش ئاستێک یان یان زیاتر لە ئاستێکی زمانەوانی لەخۆ دەگرێت "(نزار قبيلات، واسماعيل الأقطش، ٢٠١٤: ٢). ئەم زاراوەیەش (لە لایەن ۆرف (Whorf) لە ساڵی(١٩٤١) پێشنیازکراوە) (Geethaakumary. v, 2002) ئەم لقە زانستەش پشت بە میتۆدێکی زمانەوانی تیۆری دەبەستێت، ئەویش میتۆدی وەسفییە، (لە پێشەواکانیشی هەندێ لە مامۆستاکانی زانکۆی میشگان (ئان ئاربر) ئەمەریکی بوو.)(محمود إسماعيل صينى & إسحاق محمد الأمين ،١٩٨٢، ل: هـ). (سەرهەڵدانی میتۆدی بەرامبەری دەگەڕێتەوە بۆ پاش جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥)، ئامانج لە دەرکەوتنی بریتی بوو لە زۆربونی داخوازی بۆ فێربونی زمانی بیانی) (نورالهدى الوشن، ٢٠٠٦ :٢٩٣). زمانەوانی بەراوردی بەراورد لە نیوان ئەو زمانانە دەکات کە سەر بە یەك خێزانە زمانن و ئامانجەکەی مێژوییە، هەوڵدەدات لایەنەکانی رابردوی زمانی زمانەکە بخاتەڕو و گەیشتن بەو زمانەی کە لێوەی پەیدابون. بەڵام زمانەوانی بەرامبەری پەیوەندی بەو بایەخدانە مێژوییە نادات و توێژنەوەکانی ئامانجێکی کارەکی و پراکتیکی هەیە لە فێربونی زمانی دووەمدا. توێژنەوەی بەرامبەری دەبێت لە نیوان دوو زمانی خێزانە جیاواز بکرێت، ئەمەش بە ئامانجی زانینی لایەنی لێکچو و جیاواز لە سیستەمی زماندا چ لە ڕوی وشەسازی یان ڕێزمان یان فەرهەنگ یان لایەنێکی تری زمان بێت نەك بە ئامانجی ڕیشەی زمانەکە و لایەنی مێژوکەی بێت. بۆ نمونە دەکرێ بەرامبەری بکەین لە نیوان زمانی کوردی کە سەر بە خێزانە زمانی (هیند و ئەوروپیە) لەگەڵ زمانی عەرەبی کە لە خێزانەزمانی (سامییە).

**١-٢ گرنگی و سودەکانی لێکۆڵینەوەی بەرامبەری:** ( ئەم میتۆدە لە پۆلێن کردنی زمانەکانی جیهان بۆ خێزانەزمانەکان بەشداربوە لە میانەی توێژنەوە بەرامبەری و بەراوردی کە لایەنە هاوبەشەکانی زمانەکانیان دەرخستوە و پرۆسەی جیاکردنەوەی زمانەکانی بۆ خێزانە زمانەکان ئاسانکردوە ... هەروەها میتۆدی بەرامبەری سودێکی زۆری بە وەرگێران بەخشیوە لە ڕێگەی ئاشنابون بەلایەنی لێکچو و جیاوازی لە نیوان زمانی وەرگێڕاو (Source language) ئەو زمانی بۆی وەردەگێردرێت (Target language) وا دەکات وەرگێر بەسەر زۆر لەو هەڵانەی وەرگێڕان زاڵبێت)( علي يونس الدهش، ٢٠٠٨) (گرنگی توێژنەوەی بەرامبەری لەوەیە کە جیاوازی ڕۆنانی زمانێک لە ڕۆنانی زمانی دووەم ڕوندەکاتەوە، ئەم جیاوازیانەش ئاستەنگی بابەتی دروستدەکات لە وەرگرتن زمانی دووەم بۆ ڕۆلەی زمانی یەکەم) (محمد ابوالفتح شريف& عبدالرزاق ابو زيد زايد، ١٩٧٧: ٥). واتە؛ گرنگی شیکردنەوەی بەرامبەری لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەو هەڵە و دژواریانەی لە کاتی فێربونی زمانێکی بیانیدا دێنە ڕێمان، لە زمانەکەی یەکەمەوە سەرچاوەیان گرتوە.ئەم لێکۆڵینەوانە یارمەتی شارەزایان و مامۆستایان دەدات بۆ زیاتر هەڵوەستەکردنی گرفتەکانی فێربون بەشێوەیەکی باش بۆ فێربووان. بۆ وەرگرتنی ڕێگەچارەی گونجاو و چارەسەرکردن، کە وایان لێ دەکات گرفتە زمانییەکان کە سەختە ناسینەوەی بێ ئەم ڕێگەیە. هەروەها لێکۆڵینەوی بەرامبەری مامۆستا شارەزا دەکات لە هەڵسەنگاندنی بابەتی خوێندن و دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە شارەزای ئەو پەرتوکانە ببێت کە جەخت لەسەر شێوازی

لێکچووەکانی نێوان زمانی بیانی و زمانی زگماکی خوێندن دەکات. هەروەها یارمەتی مامۆستاو شارەزایان دەدات بۆ زیادکردنی راهێنان و چالاکی بۆ پەرتوك و پرۆگرامی خوێندن دانراوی پێشوختە، بۆ پڕکردنەوەی درزەکان و دەولەمەندکرنی بابەتەکە.

**١-٣ ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی بەرامبەری:** ئەرکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی بەرامبەری پێشبینی کردنی ئەو هەڵانەیە کە ئەگەری سەر هەڵدانیان هەیە لای کۆمەڵێکی دیاریکراو، کە زمانێکی دیاریکراو فێردەبن، بۆیە پڕۆگرامەکانی فێرکردن دەبێت ئەو بابەتە زمانەوانیانە لە خۆ بگرن، کە بۆ فێرخواز پێویستن .

**١-٤ تیۆرەکانی لێکۆڵینەوەی بەرامبەری:** (بنەمای ئەو تیۆرەی کە ئەمڕۆ ناسراوە بە زمانەوانی بەرامبەری پێکهاتووە لە پەرتوکەکەی ڕۆبرت لادۆ (Robert Lado) بە ناونیشانی "زمانەوانی لە میانەی کەلچەرەکان"(linguistics across cultures) کە لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکراوەتەوە) (لطيف أونيريتي ابراهيم، ٢٠١٠ :١٠٦). ئەم تیۆرە بووە باو بۆ فێرکردنی زمانە بیانییەکان لە کاتی سەر هەڵدانیەوە لە سەدەی رابردودا، ڕێگە و میتۆدێکی ئامادەکرد لەسەر بنەمای (زمانەوانی بەرامبەری)، زمانەوان (روبەرت لادۆ Robert Lado) یەکەم لێکۆڵینەوەی بەرامبەری ئەنجامدا لە نیوان زمانی ئینگلیزی (وەک زمانی دووەم) و زمانی ئیسپانی (وەک زمانی زگماک)

## ٢-جێناو لە زمانی کوردیدا

### ٢-١ جێناو لە زمانی کوردیدا

مامۆستا (مەسعود محەمەد) دەڵێت: "ڕاناو ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کە ڕاستەوخۆ بۆ کەسانی یەکەم ودووەم و سێیەم (وەیا قسەکەر و قسەبۆکراو و قسەلێکراو)دانراوە، هەر یەکێک لەو وشانەش لە وێنەیەکی تایبەتیدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی واتای تەواو لە ئاخاوتنی کوردیدا" (کۆڕی زانیاریی کوردی،١٣٩٦ش:٣٣-٥٦). (ڕاناو وشەیەکە، کە لە بری ناوێ بەکارئەهێنرێ جا ناوەکە لە پێشەوە بێژرابێ، یان لە یادا بێت)(نوری عەلی ئەمین،٢٠١٤: ٩٧).هەروەها جێناو گشتگیرە بۆ نمونە(ئەو) مەبەست لێی شیرکۆ یان نەسرین یان مامۆستا یان هەرکەسێک بێت، بە پێچەوانەی ناو، کە واتایەکی دیاریکراوی هەیە کاتێک دەڵێین (هەنار) تەنها بیرمان بۆ جۆرە مێوەیەک دەچێت. هەرەها جێناوەکان ژمارەیان دیاریکراوە و زیاد و کەم ناکات، بە پێچەوانەی ناو کە ژماردنیان ئاسان نییە و سنوردار ناکرێت، چونکە هەندێکیان لەناو دەچێ و وشەی نوێش دێتە زمانەکەوە.

### ٢-٢ بەشەکانی جێناو

زمانەوان و نوسەرانی کورد لە دابەشکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی جێناودا لە زمانی کوردیدا بۆچونی جیاوازیان هەیە، هەیە بەسەر (چوار)جۆردا دابەشیکردوە (احمد حسن احمد.١٩٧٦ : ١٥٨)، هەیە بە سەر (حەوت) جۆردا دابەشیکردوە وەک: مامۆستا (نوری عەلی ئەمین)(٢٠١٤: ٩٧-١١٤). ومامۆستا ( وەهبی) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤ :٢٦) و (د.رەفیق شوانی)(٢٠١١ :٤٠) هەیانە دەیکاتە (دە)جۆرەوە وەک (د. ئەورەحمانی حاجی مارف) کە دەبێژێت:(لە نێو نوسەرانی ڕێزمانی کوردیدا لە دیاریکردنی جۆرەکانی جێناودا شێوەی جیاواز دەبینرێ... بەپێی بۆچونی ئێمە لە زمانی کوردیدا لە ڕوی واتاوە دەشێ جێناو بەسەر {دە جۆردا}... دابەش بکرێ:) (٢٠١٤ : ٨١-٨٢) ، ئێمەش شوێنی ئەو بۆچونانە دەکەوین کە بە سەر زۆرترین جۆردا دابەشکراوە؛ چونکە گشتگیرتر و ڕونترە بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٢-٢-١ جێناوە کەسییەکان: (الضمائر الشخصية)

جێناوە کەسییەکان: ئەو مۆرفیمەیە؛ کە ئەو توانایەی هەیە لە ڕستەدا شوینی ناو بگرێتەوە و هەمو ئەرکەکانی ناو لە ڕستەدا ببینێت. (لە خاسیەتە دیارەکانی ئەم جێناوانە ئەوەیە، کە وەک گروپێکی داخراو کاردەکەن، ژمارەیان دیاریکراو و سنوردارە و زیادناکرێن، هەر بەو شێوە ژمارە دیاریکراون و لە کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە)(خۆشناو عەزیز حەمەئەمین، سەلام ڕەحیم ڕەشید،٢٠١٥: ٣٤).
جێناوە کەسییەکانیش بە شیوەیەکی گشتی دەکرێنە دوو جۆر:

### ٢-٢-١-١ جێناوی کەسی سەربەخۆ: (الضمير المنفصل)

ئەو جێناوانەن، کە بە سەربەخۆیی لە ڕستەدا دێن، واتە؛ پێویستیان بە هیچ پێوە لکاوێک نیە بۆ پیدانی واتایەکی تەواو. ماناکانیان ئاشکرایە، کە واتای کەسی گیاندار دەگەیەنن و پەیوەندییان بە کەسانی ترەوە ڕون دەکەنەوە و شوێنی کەس یان کەسان دەگرنەوە. (شەش ڕاناوی جیاواز(سەربەخۆ) هەن کە هەمویان بۆ نێر و مێ بەکاریەن) (احمد حسن احمد، ١٩٧٦: ١٥٨). یان دەوترێ: (ئەو جێناوانەن، کە دەتوانن وەکو مۆرفیمێکی سەربەخۆ لە ڕستەدا ببنە بکەری هەمو کاتەکانی کاری رابردو و دا هاتوی تێپەڕ و تێنەپەڕ و لە شوێنی ناو بەکاربێن) (دلشاد محمد غريب،٢٠٠٩: ٩٧). هەروەها (حوسێن محەمەد عەزیز) لەم بارەیەوە دەڵێت: (بەلای منەوە، تەنیا ئەم ڕاناوانە: (من، ئێمە، تۆ ئێوە، ئەو، ئەوان) بە ڕاناوی سەربەخۆ دادەنێم) (١٩٩٩: ٤٧٩). چونکە، یەکەم: پێی وایە هەموی یەک واتای هەیە بەڵام بەپێی زارەکان دەگۆڕێت، دووەم: بۆ مەبەستی زمانی یەکگرتو و زمانی نوسین وای بەباش زانیوە. لە کرمانجی ناوەڕاستدا یەک کۆمەڵە جێناوی کەسی سەربەخۆ هەیە، ئەمانەش شەش جێناون، وەک لە خشتەی(١) ڕون کراوەتەوە.

### ٢-٢-١-٢ جێناوی کەسی لکاو: (الضمير المتصل)

(ڕاناوی لکاو داینەمۆی زمانی کوردییە بەتایبەتی لە لەهجەی کوردستانی خوارودا)(مەسعوود محەمەد،٢٠١١: ٩٩). "لە ڕێزمانی کوردیدا، ڕێزمانی جێناوی لکاو زۆرزۆر ئاڵۆزوە و زۆر دژوارە لە راڤەکردندا، چونکە چەندین میکانیزمی سفت و ئاڵۆز لە خۆ دەگرێت"(شێرکۆ بابان، ٢٠٠٨: ١٩).
پێناسەیەکی زۆر لە لایەن زمانەوانەکان بۆ جێناوی لکاو کراوە، لێرەدا هەندێکی دەخەینەڕو:

- "ڕاناوێکن دەچنە خانەی مۆرفیمی بەندەوە دەلکێت بە وشەوە، بە سەربەخۆیی نییە و بەکارناهێنرێت" (رەفیق شوانی، ٢٠١١: ٤١).
- (مۆرفێمکی بەندن و قەوارەیەکی سەربەخۆیان نییە، هەتا نەخرێنە پاڵ وشەیەکی تر واتاکانیان ڕون نابێت، ناشتوانرێت ڕستەیان پێدەست پێبکرێت، ڕاناوە کەسییە لکاوەکانیش دەکرێن بە دوو کۆمەڵەوە) (نوری عەلی ئەمین،١٩٨٦: ٩٢).
- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین تەنها لە ئاستی سینتاکس دا ڕوڵ دەگێرن و ئەم ئەرکانە جێ بەجێ دەکەن: (١ڕێکەوتن، ٢-هەیی (تملک)، ٣-بەرکاری) (نازەنین جلال احمد،٢٠١٥: ٦٥٩).

ئەو جێناوانەن، کە لە ڕستەدا بە وشەکانی دیکەوە دەلکێن، واتە پێویستیان بەوە هەیە کە بە وشەیەک بلکێن بۆ ئەوەی واتای تەواو بگەیەنن. لە مۆرفۆلۆجیی زمانی کوردیدا، جێناوە لکاوەکان مۆرفیمێکی بەندی گەردانی (ڕێزمانی)یە، هەروەها بە کلیتیک (نوسەک) دادەنرێت.

لە زمانی کوردی زاری کرمانجی ناوەڕاستدا جێناوە لکاوەکان بەشێوەیەکی گشتی دەکرێنە دوو کۆمەڵە و بە بۆچونی زۆربەی سەرچاوەکانی ڕێزمانی کوردی دوو کۆمەڵ جێناوی لکاو هەیە لە زمانەکەدا. کەواتە؛ یەک کۆمەڵە جێناوی سەربەخۆ هەیە بەرامبەر هەر جێناوێکی سەربەخۆش دوو جێناوی لکاو یان زیاتر هەیە. ئەو دوو کۆمەڵە جێناوە لکاوەش هەریەکەیان

تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕوی ئەرک و شـــوێنیان لە ڕســـتە کە بە پێی کات و جۆری کاری ڕستەکە ڕۆل دەبینن.

**کۆمەڵەی یەکەم:** جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ئەمانەن :(م، ت، ی، مان، تان، یان)، کە ناکۆکییەکی ئەوتۆی لەســـەر نییە لەلای نوســـەرانی ڕێزمانی کۆردییەوە، ئەم کۆمەڵە جێناوە لکاوەش تایبەتە بە بەکارهێنانی لەگەڵ ناو و زۆربەی جێناوەکان و ئاوەڵناو و ژمارە وهەروەها خـاوەنداری و خۆیەتی دەگەیەنێت ئەم کۆمەڵەیەش نـاونراوە جێنـاوەکـانی (خـاوەنی)، چونکە ســـەرەڕای ڕێکەوتن ئەرکی خـاوەنیش ئەنجام دەدەن و لەگەڵ کـاری رابردوی تێپەڕدا دەبێتە بکەر، کە ئەمانەن: (م، ت، ی، مان، تان، یان).

**کۆمەڵەی دووەم:** ئەم جێناوانەن (م، یت، ...، ین، ن، ن) جگە لە (جێناوی کەسی سێیەمی تاک) کە ئەمـانەن: (Ø ، **ێت، ات** )، وەک دەبینین چەند شـــێوەیەکی جیـاوازی هەیە، هەروەک (د. ئەورەحمانی حاجی مارف) دەڵێت:"ئەوەی پەیوەندی بە کێشـــەی دیاریکردنی فۆرمیانەوە هەیە، ئەوەیە گومـان و دەمەتەقێ بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی لە فۆرمی کەســـی دووەم و ســـێیەمی تاکدایە"(٢٠١٤: ١٢٤). هەروەها (د. شـــێرکۆ بابان) دەڵێت:"ناڕێکی جێناو لە روبەری زمانەکەدا تەنها لە کەسی سێیەمی تاکدا هەیە"(١٩٩٧: ٥٠). لە کرمانجی خواروودا، بکەر و کار لەگەڵ کەس و ژمارەدا رێکدەکەون، واتە؛ بکەر لە چ کەس و ژمارەیەکدا بێت، کار و جێناوی لکاویش سەر بە هە مان کەس و ژمارە دەبێت. بۆیە (ئەم دەستەیە ناونراوە جێناوەکانی ڕێککەوتن، چونکە لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ بکەر یان بەرکار ڕێک ئەکەون. لەم دەستەیەدا چەند ڕوخسارێکی گشتی بەدی دەکرێت لەوانە: کۆمەڵەیەکی داخراون و هەمیشـە ئەبنە مۆرفیمی پاشـگری کار، تەنانەت لەو رستانەشدا کە ئەکەونە دوایی ناو یان ئاوەڵناو. لە بنجدا پاشگری ڕەگی کاری (بوون)، کە لە کاتی ئیستادا سفرە و دەرناکەوێ) (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول،١٩٩٥: ١٨٩).

| کەس | ژمارە | جێناوی کەسی سەربەخۆ | | جێناوی کەسی لکاو | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | | | کۆمەڵەی(١) | لە عەرەبیدا | کۆمەڵەی (٢) | لە عەرەبیدا |
| یەکەم | تاک | من | أنا | **م** | ی | **م** | تْ، أ |
| | کۆ | ئێمە | نحن | **مان** | نا | **ین** | نا، ن |
| دووەم | تاک | تۆ | انـــتَ – أنتِ | **ت** | ك | **ی/ یت** | تُ |
| | کۆ | ئێوە | أنـــتـــم – أنتن | **تان** | كـُـم | **ن** | تم، ون |
| سێیەم | تاک | ئەو | هو – هي | **ی** | ـــە | **Ø، ـە، ێ/ێت ، ات** | (للمضارع فقط) |
| | کۆ | ئەوان | هم – هن | **یان** | هُـم | **ن** | وا، ون |

خشتەی (١): جێناوە کەسیە سەربەخۆ و لکاوەکان

**جێناوەکانی کاری داخوازی**

ئەو جێناوە لکاوانەن کە دەچنە ســـەر ڕێژەی کاری داخوازی، کە تەنها دوو جێناومان هەیە، کە ئەوانیش ئەرکی (بکەر)دەگێڕێت:

**یەکەمیان:** (**ـە**) کە بۆ کەسی دووەمی تاک بەکاردێت، وەک: بنوسە (اكتبْ، اكتبي)..

**دووەمیان:** (**ن**) کە بۆ کەسی دووەمی کۆ بەکاردێت، وەک: بنوسن (اكتبا، اكتبوا، اكتبن).

### ۲-۲-۲ جێناوی نیشانە: (ضمائر الإشارة)

ئەو جێناوانەن کە لە بری ناوی کەسێک یان شتێک بەکاردێن و دەستنیشانی ناوەکەش دەکەن. هەروەها کەس و شتەکان لە ڕێگەی ئاماژەوە دەناسێنن، کەواتە؛ مەبەستمان لەوەیە، کە ئاماژە بۆ کەسێک یان شتێک دەکات. ئەو وشەیەش نیشانکراوەکەیە کە لەگەڵ جێناوەکەدا دەردەکەوێت. یان دەوترێ:"ئەو ڕاناوانەن کە بۆ هێماکردن و دەستنیشانکردن لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت. لە زمانی عەرەبیدا ئەوەی ئەم ئەرکە دەبینێ ناوە، بۆیە پێی دەوترێت ناوی نیشانە و ئەم زاراوانەشی بۆ بەکاردەهێنرێت وەکو: ئاوڵناوی نیشانە، ڕاناوی نیشانە، ڕاناوی دیاریکردن، یا ئاوڵناوی ڕاناوی... هەروەها زاراوەی ئامرازی نیشانەشی بۆ بەکاردێت" (ڕەفیق شوانی، ۲۰۱۱ : ٤٥). ، جا لە ڕوی پێکهاتنەوە ئەم جێناوانە دەکرێن بە دوو بەشەوە، کە (تاک) و (کۆ) یە و هەندێکیان بۆ (نزیک) و هەندێکیان بۆ (دور) بەکاردێت. ئەم جێناوانەش ڕەگەزی نێر و مێی تێدا نییە. هەروەها دەکرێ بوترێ کە جێناوە تاکەکان بە نیشانەی کۆکرنەوە (ان) دەبنە کۆ، کە دەکەوێتە پێش پیتی (ە) . سەرەڕای جێناوە نیشانە هەندێ وشەی ترمان هەیە کە ئاماژە بە شوێن و ئاراستە دەکەن کە سەر بە هاوڵکاری شوێنن(۱)، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕون کراوەتەوە:

| | نزیک | | دوور | |
|---|---|---|---|---|
| تاک | ئەم / ئەمە | هذا + هذه | ئەو/ ئەوە | ذلك، تلك |
| کۆ | ئەمان / ئەمانە | هؤلاء | ئەوان/ ئەوانە | أولئك |
| هاوڵکاری شوێنی | ئێرە / لە+ ئێرە = لێرە | هنا | ئەوێ/ لە + ئەوێ = لەوێ | هنالك |

خشتەی (۲): جێناوە نیشانەکان

- ئەمەم نوسی. (کتبت هذا). - ئەوە نرخی گرانە. (ذلك مرتفع السعر).
- ئەمە خانوی تازەیەتی ( هذه داره الجديده). - ئەوە خانوی دوەمیەتی (تلك هي داره الثانية).
- ئەمانە هاتن. (جاء هؤلاء). - ئەوانە کار دەکەن. (أولئك سيعملون).

### ۲-۲-۳ جێناوی پرسیار:( ضمائر الاستفهام )

ئەو وشەیەیە کە لەڕستەدا بەهۆیەوە پرسیار لە ناوێک دەکرێت، ئینجا ناوەکە لە ئەرکی بکەر بێت یان بەرکار، پاشان لە ڕستەی وەڵامدا، ناوکە شوێنی جێناوەکە دەگرێتەوە. لە زمانی کوردیدا ئەو وشانەی پرسیاریان پێدەکرێ زۆرن و بۆ زیاتر لە مەبەستێ بەکاردێن وەک: پرسیارکردن لە (کەس، شت، کات، شوێن، ژمارە و ڕادە، ڕوداو، چونێتی، هۆ...)، کە فۆرمەکانی وشەی پرسیاری بریتییە لە (کێ، کام، کامە، کامیان، کامەیان، ئایا، بۆ، بۆچی، لەبەرچی، چۆن، چ، چی، چەند، لەکوێ، کوا، کەی ...هتد). هەندێ لە زمانەوانە کوردەکان وشەی پرسەکان لە زمانی کوردیدا بۆ سێ کۆمەڵە دابەشدەکەن:

۱. جێناوی پرس: (کێ، چی-چ، کام-کامە).
۲. ئاوەڵناوی پرس: (چی-چ، کام-کامە، چەند/چەن، چۆن).
۳. ئاوەڵکاری پرس: (کەی، کوێ، چۆن، کوا/کوانێ/کا/کانێ، بۆ).

ئەوانەی لەبری ناو بەکاردێت پێیان دەوترێ جێناوی پرس، کە ئەمانەن:

۱. جێناوی پرسی "کێ" (مَنْ) بۆ پرسیارکردن لە ناوی کەس (مرۆڤ) بە کاردێت، کە کارێک یان سیفەتێک دەدرێتە پاڵی، وەک:

- کێ تۆی فێری زمانی کوردی کرد؟ ( من علمكَ اللغة الكردية؟)

٢. جێناوی پرسی "چی/چ/چە" (ما، ماذا) بۆ پرسیارکردن لە بێ گیان (شت) و (ئاژەڵ) بەکاردێت. (لە ناوچەی سلێمانی بە زۆری شێوەی(چی) دەوترێ و کەمێ جاریش (چ)، لە ناوچەی خانەقین و سنە و کرماشان (چە) دەڵێن.) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤: ٢٧١).

- چیت بینی؟ ( ماذا رأيت؟)
- چ لە باخچەکە هەیە؟ (ماذا يوجد في الحديقة؟)
- دەتەوێت چە بنوسێت؟ ( ماذا تريد أن تكتب؟)

٣. جێناوی پرسی "کام/کامە" (أيُّ) بۆ پرسیارکردن و جیاکردنەوە و هەڵبژاردن بەکاردێت. ئەم دەستە جێناوە
(هەمویان یەک واتایان هەیە، پرسیاریان پێ لە جیاکردنەوە و هەڵاوێرکردنی کەس و شت لەناو کۆمەڵێ هاورەگەزی خۆیان دەکرێت) (خۆشناو عەزیز حەمەئەمین، سەلام رەحیم رەشید،٢٠١٥ :٥٠). لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا فۆرمی (کام/کامە/کامیان/کامەیان) دەبینرێ.

- کامانە منداڵی تۆیە؟ ( أيُّهُم أولادُكَ؟)

## ٢-٢-٤ جێناوی خۆیی: (ضمير انعكاسي)

(وشەی (خۆ) لە (خود) وەرگیراوە، هەروک چۆن (خۆ) لە عەرەبیدا بەرامبەر بە وشەی (نفس) دەوەستێت، بە مانای گیان یان ڕۆح دێت. بۆ نمونە وەک لە(كل نفس ذائقة الموت) وشەی (نفس) بەمانای ڕۆح دێت واتە گیان) (بەدرخان سلێمان عەلی، ٢٠٠٦ :٤٤). جێناوی خۆیی جۆرێکە لە جێناوە سەربەخۆکان، ئەو وشەیەیە کە بۆ رونکردنەوە و جەختکردنەوەی (Emphasis) چەمکی کەسی و بۆ دوبارە ناو نەهێنانەوەی بکەرەکە و گەڕاندنەوەی کارەکە بۆ بکەرەکە بەکاردێت. " ((خۆ)) دەوەستێتە بەرامبەر ((نفس، عین، self)) لەڕووی واتاوە، وا دەبێ جێگەی لە ڕستەدا هەر ئەو واتایانە دەبەخشێ واش دەبێ جێگەی ((تأکید)) دەگرێتەوە، دەڵێی ((خۆکوشتن)) کە واتاکەی ((قتل الذات))ە دەشڵێی ((من خۆم هاتم)) کە دەبێتە((جئت بنفسي، بذاتي)) بۆ تەئکیدە"(مەسعود محەمەد، ٢٠١١ : ١٠١) "ئەو راناوەیە کە بۆ جەخت کردن بەکاردێت. بۆیە بە ڕاناوی جەخت کردنیش ناو دەبرێت، چونکە جەختکردنی بکەر لە کردەوە نیشان دەدا"(رەفیق شوانی، ٢٠١١ : ٤٢) لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی وشەی " خۆ" (نفس، ذات) دەبێت. جێناوێکی هاوبەشە لە نێوان هەر شەش کەسی تاک و کۆدا. ئەم جێناوەش واتای خۆییەتی و خاوەنییەتی دەگەیەنێت و کاتێک جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەخرێتە سەر دەبێتە جێناوێکی لێکدراو، وەک:

| کەس / | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم / قسەکەر | خۆ+ م ( بنفسي) | خۆ+ مان (بأنفسنا) |
| دووەم / گوێگر | خۆ+ ت (بذاتك / بأنفسك/ بنفسكَ) | خۆ+ تان (بأنفُسكم) |
| سێیەم / نائامادە | خۆ+ ی ( بنفسه ) | خۆ+ یان (بأنفُسهم- بأنفُسهنَّ) |

خشتەی (٣): جێناوی خۆیی

## ٢-٢-٥ جێناوی دیار: (ضمائر نكرة)

(بەو فۆرمانە دەگوترێت، کە لە بری ڕێژە و ژمارەیەکی دیاریکراوی کەس و شتەکان بەکاردێن کە ئاشکرا و زانراون) (خۆشناو عەزیز حەمەئەمین، سەلام رەحیم رەشید،٢٠١٥ :٤٧). واتە؛ ئەو جێناوانەن کە بە ڕونی جێی ناوی کەس یان شت دەگرنەوە. (فۆرمەکانی جێناوی دیار بریتین لە (هەموو، گشت، هەر، تەواو)، هەندێ جار ئەم فۆرمانە لەگەڵ کەرەستەی تردا دێن، واتە

(هەموو کەسێک، هەموو شتێک، هەرکەسێک،...) )(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو،٢٠١٢، ٤٩). لە گەڕان بەدوای ئەم بابەتەدا لەو سەرچاوانەی لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە نوسراوە، بۆچونی هەمەجۆر دەبینرێ، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین لە کرمانجی ناوەڕاستدا ئەمانە بە جێناوی نادیار دەستنیشان بکەین:(هەر، هەریەک، هەرکەس، هەرشت، هەمو، هەموکەس، هەمووشت، گشت،...).

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەر | كُلَّ | هەموو/هەمووی | الكُل، بكامله |
| هەریەک | كُل واحد | هەمووشت | كل شيء |
| هەرکەس | كل شخص | گشت، گشتی | الكُل، بكامل |
| هەرشت | أي شيء | هەمووکەس | الكُل |

خشتەی (٤) : جێناوی دیار

- کەس لە ماڵ نییە. (لایوجد أحد في المنزل).

ئەو جێناوانەی سەرەوە زورجار بە شێوەی وشەی لێکدراو لەگەڵ وشەی تردا دەردەکەون. وەکو وشەی "هەر" لەگەڵ جێناوی (یەکێ، کەسێ، هەموو، شت) یان وشەی "هەموو" لەگەڵ جێناوی(کەس، شت)

- هەریەکێ لەوانە ڕەنگی جیاوازە. (كل واحد منهم له لون مختلف).

## ٢-٢-٦ جێناوی نادیار: الضمائر المبهمة.

ئەو جێناوەیە، کە ئاماژە بە ناوێکی دیاریکراو ناکات. شوێنی ناوێکی نادیار دەگرێتەوە. لەکاتی بە کارهێنانی ئەم جۆرە جێناوە ئەستەمە دەرخستنی کەسەکە. کە مەبەست لێی باسکردنی ناوێکە بە شێوەی نادیار یان حەزنەکردنە بە بەکارهێنانی ئەو ناوە، واتە؛ ئەو جێناوانەن کە بە ناڕونی جێی ناوی کەس یان شت دەگرنەوە.هەروەکو لە جێناوی دیاردا باسمان کرد، لەو سەرچاوانەی لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە نووسراوە، بۆچونی هەمەچەشن دەبینرێ لە بارەی دەستنیشانکردنی وشەکانی جێناوی نادیاریشدا، جا لە نێو وشەکانی ئەو نوسەرانەدا هەندێ وشە هەیە زیاتر دەچنە خانەی ئاوەڵکار چونکە واتای ڕادە دەبەخشن وەک: (هەندێ، بڕێ، کەمێ، نەختێ، قیچێ، تۆزێ، پیچێ، چۆڕێ...) هەندێکی تریان دەچنە خانەی جێناوی نەفی وەک:( هیچ، هیچ کەس.. )، بەڵام دەکرێ هەندێ لەوانە بخرێتە ڕیزی جێناوی نادیارەوە، کە واتا و مەبەستی ڕون و ئاشکرای هەیە، وەک:

| جێناوی نادیار | بەرانبەری لە عەرەبیدا |
|---|---|
| کابرا | رجل |
| فلان | فلان |
| فیسار | الآخر، فلان |
| هین | "شسمه او شيسمونه"(*) |
| یەکێ | أحد |
| کەسێ، هەندێ کەس | شخص، بعض أشخاص |
| شتێ، هەندێ شت | شيء، بعض الشيء |

خشتەی (٥) : جێناوی نادیار

## ٢-٢-٧ جێناوی چەندێتی:

(کۆمەڵێ وشە هەن، کە بۆ مەبەستی گەیاندنی مانای چەندێتی بەکاردێن و دەکرێ بە (جێناوی چەندێتی) ناو ببرێن... کە زۆربەی نوسەران نە باسیان کردوە و نە بەلایدا چوون) (ئەورەحمانی

حاجی مارف ٢٠١٤: ٢٨٧-٢٨٦). (ئەم چەشنە جێناوە لە هەموویان زیاتر جێگەی گومان وقسەکردنە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی جێگەی هیچ ئاخاوتنێک لە ڕستەدا ناگرنەوە، لە ڕوی ئەرکیشەوە تەنیا ئەندازە و بیر دەردەبڕن) (خۆشناو عەزیز حەمەئەمین، سەلام ڕەحیم ڕەشید،٢٠١٥ :٥٥) جێناوی چەندێتیش ئەو جێناوانەن کە ڕێژەی کەسەکان یان شتەکان دەستنیشان دەکات واتای چەندێتی دەبەخشێت. لە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا. چەند شێوەیەک بۆ جێناوی چەندێتی بەکاردێت، کە ئەمانەن: (چەن/چەند/چەندە/چەندی، ئەوەند/ئەوەندە/ئەوەندەی، ئەمەند/ئەمەندە، هێند/هێندە/هەند/هەندە..). وەک:

- هەندێ لە ئێوە لە تاقیکردنەوەکە دەرچون

**٢-٢-٨ جێناوی هەیی: (ضمير التملک، ضمير ملكي، العائدية)**

(ئەو ڕاناوەیە کە شتێ ئەکا بە هی کەسێک و هەم جێگەی شتەکەش ئەگرێ) (نوری عەلی ئەمین٢٠١٤ :١١٤). هەروەها جێناوی خاوەندارێتیشی پێدەوترێت، چونکە واتای خاوەندارێتی دەگەیەنێت "خاوەنەکەشی دەشێ ناو یان جێناو بێ و لەنێو ڕستەدا ئەرکی ناوەکە یان جێناوەکەی پێ دەسپێردرێ" (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو،٢٠١٤ :١٥١). (دوو شت گەر یەکێکیان سەر بە ئەوی تر بێ... دەربڕینی ئەم جۆرە پەیوەندییە لە زمانا بە هەیی Possessive ناودەبرێ) (وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤ : ٣١٦). ((لە دیالێکتی خواروی کوردیدا (هی/ئی) فۆڕمی سەرەکی جێناوی هەیی یە)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤: ٢٩٢-٢٩٣).یان دەوترێ: "شێوەی دەرکەوتنی بریتییە لە (هی)یا (هین) لە زمانی نوسینی کوردیدا بەکاردێت"(ڕەفیق شوانی، ٢٠١١: ٤٦). وەک:

- ئەم کتێبە ئی منە. (هذا الكتاب يعود لي).
- ئەمە هی تارایە. (هذا يعود لتارا.)
- بازنەکان هین کێن. (لمن الأساور).

جێناوی هەیی لە زمانی عەرەبیدا زیاتر لە ڕێگەی (حرف الجر) ەوە دەردەبڕێت کە پێ دەوترێت (لامی) تایبەتمەند یان خاوەندارێتی (الملك او الاختصاص).

**٢-٢-٩ جێناوی هاوبەشی:**

ئەو جێناوانەن، کە بۆ هاوبەشی لەنێوان دووکەس یان دوو شت بەکاردێت. (لە دیالێکتی خواروی کوردیدا وشەی (یەکتر)جێناوی هاوبەشی هەرە دیار و چالاکە، ئەم جێناوە لە ژمارەی(یەک) و ئاوەڵناوی (تر)سازبوە... لە هەندێ ناوچەی کرمانجی خوارودا وشەی (یەکدی)(یەکدو)ش وەک هاوبەش بەدی دەکرێن)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤: ٢٩٦). وەک:

- کوردینە دڵسۆزی یەکتر بن.
- حیزب و نیشتمان تێکەڵ بە یەکدی مەکەن!
- ڕێز لە بیروباوەڕی یەکدو بگرن.

**٢-٢-١٠ جێناوی (نەفی) نەرینی/ نەرێ: (ضمائر النفي)**

بەو جێناوانە دەوترێت کە نەرێنی کەس یان شت ڕادەگەیەنن؛ مەبەستمان لەوەیە ناوێک (کەس یان شت) بە (چ) یان (هیچ) دەری دەخەین، بەمەش ئەو شتە نەرێ دەکرێت. لە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، چەند شیوەیەکی جێناوی نەرینی بەکاردێت، کە بریتین لە: (هیچ، چ)، وەک پێشتر باسمان کرد کە ( (چ) جێناوی پرسیارە لە شت و هۆی ڕوداو بەکاردەهێنرێ، بەڵام کاتێ بە واتای (هیچ) دێت ئەوە دەبێتە جێناوی نەفی) (هەمان سەرچاوە،٢٠١٤: ٢٨٤). وەک:

- هیچ نابینم لە ژورەکە. (لا أرى شيئاً في الغرفة).

زۆرجار فۆرمی (هیچ ) لەگەڵ کەرەستەی تر وەک:( یەکێ، کەسێ، شتێ..) دەردەکەوێت بەمەش وشەی لێکدراو دروست دەبێت، وەک: هیچ یەکێ (ولا أحد )، هیچ کەسێ ( ولا شخص)،

هیچ شتێ ( ولا شيء). ئەم جۆرە جێناوانەش لە زمانی عەرەبیدا نیە و لەگەڵ بەشە ئاخاوتنێکی تر دانراوە کە پێی دەوترێت ئامرازەکانی نەرێ(أدوات النفي).

**٢-٢-١١ جێناوی لێکدەر"ئامرازی گەیەنەر" (الضمائرالموصولة، اسم موصول)**

(ئەو جێناوانە(*) دەگرێتەوە کە لە جیاتی ناوی کەسێک یان شتێک بەکاردەهێنرێت، کە پێشتر گوترابێ، هەروەها دوو ڕستەش پێکەوە دەبەستێت و بەیەکەوە ڕستەیەکی ئاڵۆز (تێکەڵ) سازدەکەن) (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو،٢٠١٤ ١٥٤).ماموستا (نوری عەلی ئەمین) دەڵێت:(ڕاناوی گەیەنەر ئەو ڕاناوانەن کە دوو ڕستە بەیەکەوە ئەبەستن و هەم جێگای ناوێکیش ئەگرن لە پارچەی شوێن کەوتودا، بە مەرجێ ناوەکە لە پێشەوە بێژرابێ)( ٢٠١٤: ١٠٨). (بە لای سادق بەهائەددین و نەسرین فەخرییەوە تەنیا وشەی(کە) ڕاناوە) ))(کۆڕی زانیاریی کوردی،١٣٩٦ش:٥٨).

ئامرازی لێکدەری (کە) زۆجار بۆ لێکدانی رستەکان بەکاردێت بۆ ڕونکردنەوەی هۆکاریك:

کەرکوک کە لەمێژودا بە ئارابخا ناوبراوە، شارێکی کوردستانە. (كركوك التي تعرف باسم أرابخا في التاريخ، مدينة كردستانية).

## ٣-جێناو لە زمانی عەرەبیدا

**٣-١ جێناو (الضمير )**

ئەگەر بڕوانینە ئەم گفتۆگۆیە: (-کێ لەدەرگا دەدات؟- من.- تۆ کێیت.- من نەوزادم). دەبینین وەڵامدەر ناوی خۆی ئاشکرا کرد بۆ پرسگر لە پرسیاری دووەم، کە پێشتر نادیاربو. لە وەڵامی یەکەمدا لە بری ناوەکە جێناوی قسەکەری(من) ی بەکارهێنا. (جێناو پێویستی بە ئاشکراکردن ولابردنی گومانە لەسەری، هەروەک وشەکانی نیشانە، ئەگەر جێناوی ئامادەبوان (قسەکەر و قسەبۆکراو) بە بونی خاوەنەکانیان رون ببێتەوە، ئەوە جێناوی نەهاتو (ضمير الغائب) و پێویستی بە ڕونکردنەویە لە ڕۆنانەکەدا، کە مەبەستدارەکە دەستنیشان دەکا، ئەمەش تەنها لە عەرەبیدا نییە، بەڵکو گشتگیرە بەسەر هەمو زمانەکان) (محمد عبدالله جبر،١٩٨٠: ٩٥). هەروەها جێناو بۆ کورتبڕی و پوختی لە گوزارشت و دوبارە نەکردنەوەی ئەو ناوەی کە پێشوتر باسکراوە بەکاردێت.

**٣-٢ جۆرەکانی جێناو:**

لە زۆربەی توێژنەوە کۆنەکانی زمانەوانە عەرەبیەکان جێناو بە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ دانانێن. زمانەوانە کۆنەکان بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی عەرەبییان کردۆتە سێ بەشەوە، وەک (سیبەوەی (مردنی: ١٨٠ ک) بەشە ئاخاوتنەکانی زمانی عەرەبی کردۆتە سێ بەشەوە، دەڵێت: ئاخاوتن ناو و کردار و ئامرازە (حرف) ) (سليمان بن عمر السحيباني، ١٤٣٦ هـ، ٢٤٦). هەروەها وا پێناسەی ئاخاوتن کراوە کە (ناوی ڕەگەزێکە، دانەیەک وشەیەکە، ئەمانەش: یان ناوە، یان کارە، یان یا ئامرازە (حرف) ) (شرح ابن عقيل،١٩٨٠ :١٥). کەواتە؛ لەم بابەتە بۆچونی جیاواز بەدی دەکرێ، هەیە جێناوەکان دابەش دەکاتە سەر سێ بەش:(سەربەخۆ - لکاو - شاراوە)(فؤاد نعمة،؟ :١١٣). یان هەیە جۆرەکانی جێناو لە زمانی عەربیدا دەکاتە چوار بەشەوە وەک (ابراهيم أنيس، ١٩٦٦ : ٢٧٥-٢٧٧) کە ئەمانەن:

١. جێناوەکان: وەکو: (أنـا، أنتَ، هُوَ...تاد)

٢. وشەی نیشانە، وەکو: (هذا، تلك، هؤلاء...تاد) .{هذا ما توعدون ليوم الحساب} (ص،٥٣).

٣. جێناوی لێکدەر (الموصولات)، وەک: (الذي، التي، الذين...تاد).{ الذي جعل لكم الأرض فراشا..} (البقرة،٢٢).

٤. ژمارە، وەک: (سێ، چوار... تاد). نمونە: (ثلاثة رجال) ((سێ پیاو)) لە جیاتی(رجال ورجال ورجال).

هەرچی(تمام حسان)ە جۆرەكانی جێناوی كردۆتە سێ بەشەوە: (٢٠٠٠، ٩١).
١. جێناوی كەسی (قسەكەر ، قسەبۆكەر ، قسەلێكراو )
٢. نیشانە (الإشارة)
٣. الموصول
بەڵام دابەشكردنی جێناوەكان لە ڕوی كەسەكان سێ جۆرە: (قسەكەر ، قسەبۆكەر ، قسەلێكراو، كە بەرانبەرە بە كەسی یەكەم ، كەسی ناوەند، كەسی كۆتایی لە ڕێزمانی هندیدا ، لە ڕێزمانی یۆنانیشدا بەرانبەرە بە كەسی یەكەم، كەسی دووەم، كەسی سێیەم بە ریزبەندی) (عرباوی،٢٠١٧، ٢٧٢). هەروەک لە زمانی كوردیشدا بەشێوەی یۆنانیە.

**٣-٢-١ جێناوە كەسییەكان (ضمائرالشخص)**

بەشەكانی ئەم جێناوە لە ڕوی ئاشكرایی و شاراوەیی (البروز والاستتار)، واتە؛ لە ڕوی دەركەوتن و دەرنەكەوتن دوو جۆرە (جوزيف الياس،١٩٩٨: ٣٩):

**٣-٢-١-١ دیار (دەركەوتوو-البارز)**

(ئەو جێناوانەن كە شێوەیەكی دیاریان هەیە لە ڕۆناندا، جا بە گۆكردن یان نوسین بێت) (عباس حسن،١٩٧٥: ٢١٩). وەک جێناوی جودای (أنـا) و جێناوەی لكاوی (ت) لە (أكرمتُ) ...تاد، ئەمەش دابەشكراوە بۆ دوو جۆر:

- جێناوی جودا
- جێناوی لكاو

**٣-٢-١-١- ١جێناوی جودا (الضمير المنفصل)**

ئەو جێناوەیە كە بە جودایی گۆدەكرێت، ژمارەیان بیست و چوار جێناوە، كە دوانزیان (رەفعە) ئەركی بكەر دەگێڕن و دوانزەكەی تر (نەصبە) كە ئەركی بەركار دەگێڕن، كە ئەمانەن:

١. رەفعەكان: (أنـا ، نحنُ، أنتَ، أنتِ، أنتُما ، أنتُمْ، أنْتُنَّ، هُوَ، هِيَ، هُما، هُمْ، هُنَّ)
٢. نەسبەكان:( إيـايَ، إيـانا، إيـاكَ، إيـاكِ، إياكما، إيـاكم، إيـاكنَّ، إياهُ، إياها، إياهُما، إياهُمْ، إياهُنَّ).

بەڵام جێناوی جودای دیار (البارز) نیە لە (محل جر).

**٣-٢-١-١-٢ جێناوی لكاو (الضمير المتصل)**

ئەو جێناوەیە كە بە وشەیەكی ترەوە دەلكێت و سەربەخۆ نیە لە گوتندا، (كە هەمیشە دەكەوێتە كۆتایی وشەوە، ناكرێت لە سەرەتاكەی بێت هەروەها نابێت لە سەرەتای ڕستەشدا بێت) (هەمان سەرچاوە: ٢٢٠). وەكو (ت) و (ـە) لە (أكرمتُه)، جێناوە لكاوەكانیش ئەمانەن:

١. تاء الفاعل، كە شەش جۆرە: (تُ، تَ، تِ، تُما، تُم، تُنَّ)
٢. ألف الاثنين
٣. واو الجماعة
٤.نون النسوة
٥. ياء المخاطبة
٦. ياء المتكلم
٧. كاف الخطاب، كە پێنج جۆری هەیە: (كَ، كِ، كُما، كُم، كُنَّ)
٨. هاء الغيبة، كە پێنج جۆری هەیە: (ـهُ، ها، هُما، هُم، هُنَّ)
٩. (نا) المتكلمين

هەروەکو (عرباوی) دەڵێت:"جێناوە لکاوەکان ئەمانەن: (تاء الفاعل، ألف الاثنين، واو الجماعة، نون النســوة، ياء المخاطبة، ياء المتكلم، كاف الخطاب، هاء الغيبة، (نا) ی بکەر یان بەرکار) جێناوە شـاراوکانیش (المسـتترة) تەقدیرەکەی بە: (هو، هي، أنا، نحن) دەبێت هەنێکیان دابەشــی دەکەن بۆ جێناوی بەرجەســتە (وجودية) وەکو:( أنا، أنت، هو، هو، هم... تاد)، و بۆ جێناوی خاوەندارێتی (ملكية) وەکو: (كتابي، كتابك، كتابهم، كتابه، كتابنا...تاد)"(۲۰۱۷، ۲۷۳). (جێێناوی لکاوی دیار (البارز) نییە بەتەنها لە محل نەســب بێت یان بەتەنها لە محل جەڕ بێت). (عباس حسـن،۱۹۷۵: ۲۳۳). (لە هەر دۆخێکدا ئەگەر توانرا جێناوی لکاوی تیایدا بەکاربێت، ئەوە نابێت بگۆڕدرێت بە جێنـاوی جودا) (المبرد،۱۹۹٤: ۳۹٦)، وەک: دەوترێ (لعبتُ) نـاوترێت (لعب أنـا) هەروەها لە (ضـربتك) ناوترێ (ضـربت إيّاك). چونکە بۆ کورتبڕی و ئابوری کردن لە زماندا جێناوی لکاو کورتە. ئەگەریش لە دوخێکدا نەگونجێت جێناوی لکاو وەربگرێت ئەوە جێناوی جودا بەکاردێت، وەک: (أنت لعبت) و (إيّاك ضربت). (چونکە ئەو (ت)ی لە (فَعَلْت) دروستبوە ناکەوێتە ئەوێ. هەروەها ئەو (ك) لە(ضــربتك) ناکەوێتە ئەوێ و ناوترێ (کضــربت) ) (هەمان سەرچاوە: ۳۹٦). لە ڕوی ئەرکەوە جێناوەکانی زمانی عەرەبی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە پرۆسەی لێکدان (الربط)، بۆ نمونە (جێناوی دەرکەوتو (البارز) ئەرکی پێکەوەبەستنی ڕونانەکە دەگێڕێت هەروەکو ئـامرازەکـانی تری پەیوەندی"(دندوقة فوزية،۲۰۱۰: ۱٥). وەک: (أدوات الشــرط، أدوات العطف، حروف الجر).

## ۳-۲-۱-۲ جێناوەکان لە ڕوی شاراوەیی (الضمائر من حيث الاستتار)

جێناوی شـــاراوە (المســـتتر) بریتیە لەو جێناوەی کە بونێکی دیاری نییە لە ئاخاوتندا بەڵکو جێناوێکی شـاراوە و پۆشـراوە کە تەخمین و مەزەندەی بۆ دەکرێت، وەک لەم دەقانەی قورئانی پیرۆزدا هاتوە: { وأنه هو أمات وأحيا } (النجم: ٤٤) واتە؛ (هو) ئەو مراندیانی و ئەو ژیاندیانی. {والتي أحصـــنت فرجها }( الأنبياء: ۹۱) واتە؛ (هي) ئەو پاکیزەیی خۆی پاراســـت. { واعبد ربك حتى يأتيك اليقين}(الحجر، ۹۹) واتە؛ (أنت) تۆ پەروەردگارت بپەرســـتە تا دڵنیایتیت پێدەگات. (جێناوی شـــاراوە (المســـتتر) دابەش دەکرێتە ســـەر دوو جۆر)(فؤاد نعمة،؟: ۱۱٦). کە ئەمانەن:
۱.ناچاری (وجوبا)   ۲.ڕێگەپێدراو (جوازا)

### ۳-۲-۱-۲-۱ شاراوەی ناچاری (المستتر وجوبا)

"ئەو جێناوە شاراوەیەیە کە ناکرێت شوێنی ناوێکی دیار یان جێناوێکی سەربەخۆ بگرێت"(عباس حسن،۱۹۷۵: ۲۲۸). وەکو: (أفرَحُ عندما نتعاونُ فيما بيننا).
کاری ڕسـتەکە (أفرح)یە، بکەرەکەی جێناوی (مسـتتر وجوبا)ە، ناکرێت ناوێکی دیار شـوێنی بگرێتەوە، بۆیە دروسـت نیە بڵێین:( أفرحُ محمدٌ). هەروەها ناکرێت جێناوێکی جوداش شـوێنی بگرێتەوە و بڵێین: (أفرحُ أنا) لێرەدا (أنا) ئەرکی بکەری نەبینیوە، ئەگەر ئەم شـێوە ڕۆنانەش بەکارهات، ئەوە (أنا) جێناوی جودایە بۆ جەختکردنەوەی جێناوە شـــاراوەکە (توكيد للضـــمير المستتر)، هەروەها بۆ کاری (نتعاون)، هەمان شتە، بکەرەکەی جێناوی (مستتر وجوبا).
(ابن مالک) دەڵێت:" هەیانە شـاردنەوەی بە ناچاریە ئەویش مەرفوعە بە ڕانەبردوی هەمزەدار یان (ن)، و کاری داخوازی (المخاطب) بە ڕانەبردو و ناوی کاری داخوازی (اســم فعل الأمر مطلقا) "(محمد بن يوســف بن أحمد، ۲۰۰۷ :٤٤۹). شــاراوەیی جێناوەکەش بە ناچاری لە چەند بارێکی دیاریکراودا دەبێت.

### ۳-۲-۱-۲-۲ شاراوەی ڕێگەپێدراو (المستتر جوازا)

(ئەو جێناوە شـاراوەیەیە کە دەکرێت ناوێکی دیار یان جێناوێکی سـەربەخۆ شـوێنی بگرێت) (عباس حســن،۱۹۷٥: ۲۲۸). واتە؛ ئەو جێناوەیە کە دەکرێت دەربکەوێ، وەک: (المعلم أقبل) دەکرێ بڵێین (المعلم أقبل هو). (جێناوی شـاراوەی ڕێگەپێداروە لە هەریەک لە کاری ڕابردو و

کاری ڕانەبردوی پشتبەستو بە کەسی سێیەمی تاک (نائامادە) دەبێت) (فؤاد نعمة، ؟: ١١٧). ئەم جیناوەش بە هەمان شێوە لە چەند بارێکی دیارکراودا ڕێگەپێدراوە دەربکەوێت، جگە لەو بارودۆخانەی کە لە جێناوی شاراوەی ناچاری تیادا دەردەکەوێت.

**٣-٣-٢-جێناوی نیشانە (أسماء/ ضمائر الأشارة)**

(جێناوێکە ئاماژە بۆکراوەکەی دەستنیشان دەکات بە دەستنیشانکردنێکی ئاماژەیی بەرجستە بۆی) (عباس حسن،١٩٧٥: ٣٢١) . (ناوی نیشانە ئەو ناوەیە، کە دەستنیشان و ئاماژە بە ناوێکی ئامادەبوی بینراو دەکات، وەک: {هذا البيت}(قريش: ٣)، یان بە هۆش و بیر، وەک: {تلك الجنة}(مريم:٦٣)، یان ئاماژە بە ناوێک دەکات، کە شوێن و پلەکەی گۆڕییەوە: أولئك آبائي، فجئني بمثلهم) (سليمان بن عمر السحيباني، ١٤٣٦هـ، ٢٥٥).

سەبارەت بە جۆرەکانی جێناوی نیشانە لە زمانی عەرەبیدا دوو جۆرە دابەشکردن هەیە (عباس حسن،١٩٧٥: ٣٢١).

**بەشی یەکەم:** لە ڕوی تاک و جوت و کۆ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی نێر و مێ و فامیدەیی (العقل)، ئەمەش پێنج جۆرە:

١.ئاماژەکردن بۆ تاکی نێر، وەک ( ذا)[٢] لە: (ذا مهندس مخلص، ذا طيار ماهر).

٢.ئاماژەکردن بۆ تاکی مێ ،ئەمەش (دە) دانەیە:

- پێنجی بە (ذ)دەستپێکات: ذي - ذهْ – ذهِ (اختلاس)[٣] – ذهِ (إشباع)[٤] – ذات .
- پێنجی تری بە (ت) دەستپێکات: تي- تا- تِهْ- تهِ (اختلاس) - تِهِ (إشباع).

وەک: (ذي معلمة جادة)، (تي الفتاة محسنة).

٣.ئاماژەکردن بۆ جوتی نێر: (ذانِ) بۆ ڕەفع، (ذَيْنِ)بۆ نەسب و جەڕ، وەک: (ذان عالمان)، (إن ذين عالمان)، (سلمت على ذين).

٤.ئاماژەکردن بۆ جوتی مێ: (تان) بۆ ڕەفع)، (تيْنِ) بۆ نەسب و جەڕ (تان صديقتان). وەک:(إن تين صديقتان)، (مررت بتين الصديقتين).

٥.ئاماژەکردن بۆ کۆی نێر و مێ: ( أولاء- أولى)، وەک: (إنّ أولاءِ فتياتٌ جميلاتٌ)، (أولى طلابٌ مجتهدون).

| ژمارە | دور و نزیکی | عەرەبی | | کوردی |
|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | نێر + مێ |
| تاک | نزیک | ذا | ذي- ذه -ذات- تي- تا- ته | ئەمە |
| | ناوەند | ذاك | ذِيكِ - تيكِ - تاكِ | ... |
| | دوور | ذالك | ذِالْكِ – تِلْكِ – تَلْكِ | ئەوە |
| جوت | نزیک | ذان- ذين | تان- تين | ئەمانە |
| | ناوەند | ذانِك - ذْينِك | تانِك – تَينْك | ... |
| | دوور | نیە، چونکە (کاف الخطاب) وەرناگرێ | | ئەوانە |
| کۆ | نزیک | أولاء- أولىَ | | ئەمانە |
| | ناوەند | أولاك - أولئك | | ... |
| | دوور | أولىَ+ (لام البعد) + (كاف الخطاب) | | ئەوانە |
| جێناوی نیشانە لەگەڵ هاوەڵکاری شوێن | نزیک | هنا – ثم (دورتر) | | لێرە (لە ئێرە) |
| | ناوەند | هناك | | ... |
| | دوور | هنالك | | لەوێ (لە ئەوێ) |

**بەشی دووەم:** لە ڕوی نزیکی و دوری، ئەمەش سێ جۆرە:

١. ئەو جێناوانەی بۆ نزیک بەکاردێت ، هەموو ئەو جێناوانە نیشـانەن کە پێشـتر باسـکران و ئەوانەن کە (ل ) دوری و (كاف الخطاب ) پێوە نەلکابێ: ( ذا- ذي- ذه- ذات- تي- تا- تە- ذان- ذين--تان- تين أولاء-أولیَ- هنا).
٢. ئەو جێناوانەی بەکاردێت بۆ ناوەند لەنێوان نزیک و دوری: ( ذا- ذي– تي -تا– ذان- تان – أولي- هنا) لەگەڵ زیـادکردنی تەنها (كاف الخطاب) بۆیان.
٣. ئەو جێناوانەی بۆ دور بەکاردێت: ( ذا– تي -تا -ذي– أولي- هنـــا ) دوای زیـــادکردنی دەنگی (ل) دوری و دەنگی (كاف الخطاب) بۆیان ،(ثـــمَ) بەکاردێت بۆ دوریەکی تایبەت. هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (٦): ڕونکردنەوەیەکی کورتی وشـەی نیشـانە باوەکان لە هەردو زماندا. بە سود وەرگرتن لە (عباس حسن،١٩٧٥: ٣٣١).

(هەندێ جار واڕێکدەکەوێت جێناوی کەســی بکەوێتە وشــە پۆشــی جێناوی نیشــانەکە، ئەوە جیادەکرێتەوە بە (ها)ی ئاگاداردنەوە لەو جێناوی نیشـانەیە) (تمام حسان،١٩٩٤: ١١٢)، وەکو: ها نحن أولاء، هأنت ذا، هاهما ذان، ها أنا ذا. هەروەها لەکاتی هەڵبژاردنی جێناوێک لە جێناوەکانی نیشانە لە زمانی عەرەبیدا پێویستە ڕەچاوی ئەم دوو خاڵە بکەین:
١-ئەو کەسـە یان ئەو شتەی ئاماژەی بۆ دەکرێ لە ڕوی ژمارەوە: (تاکە، یان جوتە، یان کۆیە)، لە ڕوی ڕەگەزەوە (نێرە یان مێیە)، هەروەها (العاقـل) یان (غیـر العاقل) ە.
٢-ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکرێت لە ڕوی ( نزیکی و ناوەند و دوری) لە چ بارێکە!

### ٣-٣-٣-جێناوی لێکدەر، ناوی گەیەنەر(ضمائرالموصول)

(ناوی گەیاندان، ناوێکی بنیادنراوە (مبني)یە[٥] کە دەلالەت لەسەر کەسێک یان شتێکی دەست دەستنیشان کراو دەکات بەهۆی ڕستەکەی پاشی) (فؤاد نعمة،؟ : ١٢٣). لە ڕوی ڕەگەزەوە دوو جۆرە (کامیل حەسەن بەسیر، ٢٠١٣: ٧١ -٧٢):
**یەکەم:** ناوی گەیاندنی هاوبەش، کە بۆ مێینە و نێرینەی تاک و جوت و کۆ یەک واژەی هەیە، وەکو: (مَنْ)و(ما) دەوترێ: (نجحت مَنْ اجتهدت). واتە: ئەوەی کۆششی کرد دەرچوو.
**دووەم:** ناوی گەیاندنی تایبەت (اسم موصول فاصل)، کە بە گوێرەی مێینە و نێرینە و ژمارەی ناوە گەینراوەکە، بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوەدا واژەکە دەگۆڕێ:

| بەکارهێنان | | جێناوی لێکدەر (ضمائرالموصول) | نمونه |
|---|---|---|---|
| نێر | تاک | (الذي) | فاز الذي اجتهد، الذي هو شجاع. |
| | جوت | (اللذان) | فاز اللذان اجتهدا، جاء اللذان أحبهما. |
| | کۆ | (الذين) | فاز الذين اجتهدوا، الذين جلسوا. |
| مێ | تاک | (التي) | فازت التي اجتهدت، التي هی بیضاء. |
| | جووت | (اللتان، اللتين) | فازت اللتان اجتهدتا. رأيت، اللتين نجحتا |
| | کۆ | (اللاتي، اللواتي، اللائي) | فازت اللاتي اجتهدن، اللائي من نساء. |
| بۆ نێرو مێی کۆ | | (الاولی) | فاز الاولی اجتهدوا، فازت الاولی اجتهدن. |

خشتەی (٧): جێناوە لێکدەرەکانی زمانی عەرەبی.

## ٤- لایەنە لێکچو و جیاوازەکانی جێناوەکان لە هەردو زمانەکە

**٤-١ لایەنە لێکچوەکانی جێناوەکان لە هەردو زمانەکە**

لە بابەتی جێناو لایەنە لێکچوەکان هێندەی لایەنە جیاوازییەکان دەبێت لە نیوان هەردو زماندا، بونی لایەنی لێکچوش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەو فێرخوازانەی کە خوازیارن یەکێک لەم زمانانە فێربن و شـــارەزایی تێدا وەرگرن، ئەو لایەنە لێکچوانەش لە نیوان هەردو و زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا لە بابەتی جێناو لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت دەکەینەوە:

١.جێناو لە هەردو زمانەکە ئەرکی ناو دەبینێ.
٢.جێناوی کەسی لە هەردو زمانەکە ئاماژە بۆ کەس دەکات نەك بۆ گیاندار یان شت.
٣.جێناو لە هەردو زمانەکە پێویستە جێناوەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ کەسێك) یان شتێک.
٤.ئامانج لە بەکارهێنانی جێناو لە هەردو زمانەکە بۆ کورتبڕی و پوختییە لە ئاخاوتن.
٥.(جێناوەکان (الضـــمائر) لە هەردو زماندا هۆکارێکە بۆ پەنابردنەبەر کرتاندن، چونکە جێناو دەتوانێت جێگای وشـە کرتێنراوەکە بگرێت و ڕستەکە لە ڕوی سینتاکسـەوە بە ڕاستی بهێڵێتەوە و کێشەی تێگەیشتنی بۆ دروست نەکات)( مهاباد کامل عبدالله & تەلار سالار ئەحمەد،٢٠١٩، ل١٢٩)

٦.لە هەردو زمانەکە جێناو بە پاشکۆ یان پاشگر دانانرێت.
٧.لە هەردو زمان جێناو نابێتە بەشـــێك لە داڕشـــتنی وشـــەکە کە لەهەندێ زماندا هەیە وەکو تورکی.
٨.دابەشـکردنی جێناوەکان لە هەردو زمانی کوردی و عەرەبیدا لە ڕوی کەسـەکان دەکرێتە سـێ بەشەوە: قسەکەر (للمتكلم)، قسەبۆکەر (للمخاطب)، قسەلێکراو (للغائب).

٩. ڕێزمانی هەردو زمان لە دابەشکردنی جێناوە کەسییەکان بۆ سەربەخۆ و لکاو ڕێکەوتون.
١٠.ئەگەر جێناوەکە لە دەرەوەی رســـتەدا بێت ئەوە واتای تەواو نابەخشـــێت و بێ کەڵکە، لە هەردو زمانی کوردی و عەرەبیدا ئەمە یەک شتە، بەڵام ئەگەر لە کۆنتێکستێکدا ئەگەر پێشتر بە زانیاری بارگاوی کرابێت، ئەوە واتا و مەبەستەکە دەگەیەنێت.

١١.بەڵام جێناوە لکاوەکان لەهەردو زمانی کوردی وعەرەبیدا، بە شێوەی سەربەخۆ بەکارنایەن.
١٢.بەکارهێنانی جێناوی کۆ لە هەردو زمانی کوردی و عەرەبیدا بۆ مەبەســـتی نیشـــاندانی مەزنایەتییە. بۆ نمونە هەندێ جار جێناوی کەســـی یەکەمی کۆ "ئێمە" (نحن) لە جیاتی جێناوی کەســی یەکەمی تاک "من" (أنا) بەکاردێت بە مەبەســتی شــانازیکردن یان دڵنزمی بە تایبەت لە نوسراو و وتاری فەرمیدا.

١٣.لە زمانی عەرەبیدا دوو جێناوی جودای یەکەم هەیە (أنا، نحن) هەروەک زمانی کوردی (من، ئێمە).
١٤.جێناوە لکاوەکان بە زۆری دەچنە پاش وشــەوە لە هەردو زمانی کوردی و عەرەبیدا، وەک: نوسیم (كتبتُ).
١٦.لە هەردو زمانەکە جێناوی پرس"کێ" (مَنْ) بۆ مرۆڤ (للعاقل)هەیە.
١٧.لە هەردو زمانەکە جێناوە لکاوەکان دەچنە سەر ناو و کار.
١٨.لە هەردو زمانی کوردی و عەرەبیدا ئامرازی پەیوەندی دەچێتە سەر جێناوی لکاو، وەک لە کوردیدا: (بۆیانم نارد، بۆت دەکرم، لە گەڵی بڕۆن) لە عەرەبیدا (لهُ، عَلَيهِ، مِنْهُ، عَنْهُ، فِيهِ، إليهِ). تەنها لە هەندێ باردا نەبێت وەک لە ڕێزمانی کوردیدا" ئامرازی (لە...) لە کاری (بریتی بوون لە...) دا جێناوی جودا پەسند دەکات، کەچی جێناوی لکاو پەسند ناکات "(شێرکۆ بابان، ٢٠٠٨: ١١٠).

١٩. هەردو زمانەکە وا ڕێککەوتوە کە جێناوی لکاوی گونجاو بڕەخسێنێ بۆ هەرسێ جوری کاری رابڕدو و ڕانەبردو و داخوازی، بەڵام جیاوازیان لە بەکارهێنانی ئەو جێناوانە هەیە لە ڕستەدا بە گوێرەی ڕێزمان و سروشتی زمانەکە.

٢٠. لە هەردو زماندا، وشەی (نیشانە-جێناوی نیشانە) بەکاردێت.
٢١. بونی شێوازی نیشانە (أسلوب الإشارة) لە هەردو زمانەکەدا. کە دیاردەیەکی زمانی جیهانیە.
٢٢. جیانەکردنەوەی(عاقل وغیر عاقل) لە جێناوی نیشانەی هەردو زمان و بونی لێکچون لە بەکارهێنانی گروپێکی جێناوی نیشانە لە نیوان هەردو زماندا، وەکو:
(ذا – ذي - ذه)= ئەمە ، بەکاردێن بۆ تاکی نزیک. (ذلك - تلك)= ئەوە، بەکاردێت بۆ تاکی دور.
(أولاء)= ئەمانە، بەکارێت بۆ کۆی نێر و مێی نزیک. (أولئك)= ئەوانە، بەکارێت بۆ کۆی نێر و مێی دور.

٢٣. دەرکەوتنی شێوازی نیشانە لە ڕستەی سەرەکیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەم گوزارشتە و ڕۆنانە سەرەکییە لە هەردو زماندا. نەک مەبەست لێی تەنها بۆ ڕونکردنەوە بێت.

٢٤. لە هەردو زماندا شێوازی نیشانە بە ناسراو دادەنرێت. لە زمانی کوردیدا نیشانەی ناسراوی (ەکە)یان بۆ زیاد ناکرێت. هەروەها ناکرێت ((أل) التعریف) بخەینە سەر وشە نیشانەکانی زمانی عەرەبی.

٢٥. ئەرکی ڕێزمانی وشە نیشانەکان، لە زمانی کوردی هەمو ئەرکەکانی ناو: (بکەر، بەرکار، نیهاد، جێگری بکەر، ت.ناو، ت. بەیاریدە، ت. کاری ناتەواو) وەردەگرێت، چونکە شوێنی ناو دەگرێتەوە. لە زمانی عەرەبیشدا زۆرترین نەرم نیانی نیشان دەدات و دەبێتە (مرفوع ، منصوب، مجرور). لە ئەرکی ڕێزمانیشدا دەبێتە: بکەر، بەرکار، نیهاد، جێگری بکەر، گوزارە(خبر)، تەواوکەر (مضاف إلیه)، ت.بەیاریدە (مجرور بحرف الجر)..تاد.

٢٦. لە ڕوی ڕستەسازیەوە، لە هەردو زماندا ئازادی هەیە لە ڕێکخستنی جێناوە نیشانەکان لە ڕستەدا. دەکرێت لە سەرەتا یان ناوەند یان لە لێواری کۆتایی ڕستەکەدا بێت ئەمەش بە پێی ئەرکەکەی دەبێت. بەڵام ئەگەر وەک ئاوەڵناوی نیشانە بەکارهات ئەوە لە هەردو زماندا ئاوڵناوی نیشانە پێش ناوە ئاماژەبۆکراوەکە دێت، وەک: لە عەرەبیدا (هذه السیارة). لە کوردیدا (ئەم کوڕە).

٢٧. لە هەردو زماندا ئامرازی گەیەنەر بەکاردێت. پاڕستەکە، واتە؛ ئەوەی ئامرازەکەی لەگەڵدایە ڕونکردنەوەیە بۆ شاڕستەکە. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆنان و ڕێکخستندا لە هەردو زماندا شاڕستەکە دەکەوێتە پێش پاڕستەکە.

٢٨. (لە زمانی کوردیدا کارەکە لەگەڵ بکەر ڕێکدەکەوێت، واتە؛ کارەکە جێناوێکی لکاو بە هەمان ژمارە و کەسی بکەرەکە وەردەگرێت، هەروەک لە زمانی عەرەبیدا) (وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤ : ٣٩٠). وەک لە م نمونانەی خوارەوە ڕونکراوتەوە:

| جێناوی کەسی سەربەخۆ | | جێناوی لکاو لەگەڵ کاری تێپەڕ(المتعدي) | | جێناوی لکاو لەگەڵ کاری تێپەڕ(اللازم) | |
|---|---|---|---|---|---|
| ک | ع | ک | ع | ک | ع |
| من | أنا | خوێندم | درستُ | نوستم | نمتُ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تۆ | أنت | خوێندت | درست | نوستیت | نمت |
| ئەو | هو | خوێندی | درس | نوست | نام |
| ئێمە | نحن | خوێندمان | درسنا | نوستین | نمنا |
| ئێوە | أنتم | خوێندتان | درستم | نوستن | نمتم |
| ئەوان | هم | خوێندیان | درسوا | نوستن | ناموا |

**٤-٢- لایەنە جیاوازەکانی جێناوەکان لە هەردو زمانەکە**

١. لە ڕوی زاراوەوە زمانی کوردی زیاتر لە دوو زاراوەی بەکارهێناوە، وەک (جێناو، ڕاناو،..) بەڵام لە زمانی عەرەبیدا تەنها زاراوەی (الضمیر) بەکاردێت.

٢. لە زمانی کوردیدا دابەشکردنی جێناوەکان لە ڕوی ژمارەوە دابەش دەکرێتە سەر تاک و کۆ، بەڵام لە زمانی عەرەبی سەرەڕای تاک و کۆ جوت (مثنی) هەیە، واتە؛ زمانی عەرەبی تایبەتمەندە بە شێوازی جوت(المثنی): ئەمیش ئەو شێوازەیە کە ئاماژە بە دوو کەس یان دوو شت دەکات، بۆ نمونە (ألف الاثنین) جارێک بۆ کەسی دووەم، وەک (تذهبان). جارێک بۆ کەسی سێیەم، وەک (یذهبان). بە پێچەوانەی زمانی کورد کە تەنها تاک و کۆی هەیە. (زمانی عەرەبی جیاوازی هەیە لە جێناوی لکاوی یەک کەسی و دوو کەسی و سیانی و کچ و کوڕ، بۆیە خوێنەری هەردو ئەم زمانە دەبێت ئەوە بزانێت کە جیاوازی هەیە لە جێناوەکان و کاتێک وشەیەک لادەبرێت لە زمانێک لەم زمانانە و ویستی جێناوێک جێگەکەی بگرێتەوە دەبێت بە پێی ژمارەی کەسە کرتێنراوەکان ئەژماربکات و بەپێی ئەوە جێناوەکە دابنێ)(مهاباد کامل عبدالله & تەلار سالار ئەحمەد،٢٠١٩: ١٣٠) " دیاردەی جوت: بریتیە لە دیاردەیەکی زمانی لە زمانە سامییەکان و سانسکریتی و یونانی و هەندێ شوێنەواریشی لە زمانە ئەڵمانییەکان ماوە"(جاسم علي جاسم ،٢٠١٣، ١٣٠). (لە هەندێ زماناندا کۆ لە (سێ)وە دەس پێ دەکات وەک لە زمانی عەرەبی و سەنسکریتی و چەند زمانێکی سلۆڤانیکی. واتا لەم جۆرە زمانانە لە ڕوی ژمارەوە تاک و جوت و کۆ دەستنیشان دەکرێن)( وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤: ١٥٩).

٣.زمانی عەرەبی تایبەتمەنەدە بە شێوازی مێینە (التأنیث)، وەک: (هي) بۆ کەسی سێیەمی تاکی مێ. (أنتِ) کەسی دووەمی تاکی مێ.... تاد، بەڵام لە زمانی کوردی زاری سۆرانی هیچ جیاوازیەک لە نیوانیاندا ناکات.(لە زمانی نەتەوایەتی کوردیدا کە بڕبڕەکەی بە زۆری ڕێزمانی زاری کرمانجی خوارەوە، لە دیاردەی مێینە، واتە (ظاهرة التأنیث)، وەکو لایەنێکی دەستوری کە کار دەکاتە سەر دەربڕین و ڕستەسازی بەرچاوناکەوێ، بەڵکو نێرینە و مێینە هەردوکیان لەڕوی بنەواشەی رستەسازییەوە بە زۆری هیچ جیاوازییەکیان نییە) (کامیل حەسەن بەسیر، ٢٠١٣: ٥٣) . فندریس ئەم دیاردەیە بەم جۆرە ڕون دەکاتەوە و دەڵێت: (ئەو زمانانەی تا ئیستا ئەم دیاردەیەیان لە ناودا ماوەتەوە، زمانی میللەتێکی دواکەوتون، کەچی ئەوانەی ئەو دیاردە لە زمانەکەیاندا نەهێشتوە، میللەتێکی پێشکەوتون) (پەروین عوسمان مستەفا عەللاف، ٢٠٠٩: ٤٥).

٤.لە زمانی کوردیدا جێناو بە بەشێکی سەربەخۆ لە بەشەکانی ئاخاوتن دادەنرێت. بەڵام (جێناو لە زمانی عەرەبیدا وا پۆلێن دەکرێت کە ناوە) (عادل & عبد البصیر٢٠١٨، ١٢٣)، ناویش بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن.

٥.لە زمانی کوردیدا دەکرێ هەموو جێناوە لکاوەکان بە نوسەک (کلیتیک) دابنێین، (کەچی نوسەک لە زمانی عەرەبیدا نییە، بەڵکو لەبری ئەم پارامیتەرە، جێناوی لکاو (ضمیر المتصل) ی هەیە. بۆیە نوسەک بەرانبەر بە هیچ چەمکێک لە زمانی عەرەبیدا ناوەستێت) (ڕێبین خالد خضر،٢٠١٨: ٢٤٦).

٦.ڕێزمانی عەرەبی جێناوە کەسییەکانی دابەشکردۆتە سەر دوو بەشی سەرەکی، ئەویش: دیار و شـــاراوە (بارز(الظاهر) ومُســتَتر)، هەر یەکەشـــیان دەکرێنە چەند بەشـــێکی ترەوە، جێناو دیارەکەدابەشدەکرێتە سەر جودا و لکاو، جوداکەش لە ڕوی شیکردنەوە دابەشدەکرێتە سەر دوو جۆر:(جێناوی رەفع، جێناوی نەسب) لکاوەکەش لەم ڕوەوە دابەشدەکرێت بۆ سێ جۆر؛ جێناوی (رفع)، جێناوی هاوبەش لە (نصب و جر)، جێناوی هاوبەش لە (رفع و النصب و الجر). جێناوە شاراوەکەش (المستتر) دابەشدەکرێتە دوو جۆر:(وجوبا، جوازا). کەچی ڕێزمانی زمانی کوردی جێناوەکانی دابەشنەکردوە لە ڕوی دەرکەوتن و شـاراوەیی (بارز ومُستَتر)، جێناوە کەسـییەکان تەنها دەکرێنە دوو بەشـــوە کە دیارن: (ســـەربەخۆ، لکاو). لە زمانی کوردیدا بەشـــی زۆری جێنـاوەکـان دیـارە و گۆدەکرێـت و شـــێوەی هەیە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پیتی دەربڕاوی ڕاســـتەقینەی هەیە نەک تەنها وێنەکردن بێت لە ئەندێشـــە و بیردا، چونکە لە هەمو کارەکانی ڕابردو و ڕانەبردو و داخوازیدا جێناوی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ کەســـی یەکەم و دووەم و ســـێیەم لە هەندێ باری دیاریکراودا نەبێت کە دەرناکەوێت، وەک لە کوردیدا: هات بۆ لامان (ئەو). لە زمانی عەرەبیشدا :جاء إلینا (هو).

٧.جێناوەکان لە زمانی کوردیدا وشـــەی پرس و نیشـــانەش لە خۆ دەگرێت. بە پێچەوانەوە لە عەرەبیدا، (پرس و نیشانە و لێکدەر (ناوی گەیەنەر) (أسمـاء الاستفهام، أسمـاء الإشارة، أسمـاء الموصـولة) سەر بە جێناو نین) (عادل & عبد البصیر،٢٠١٨ :١١٥).

٨.وشـــەی (خۆ) بە واتای (النفس) لە زمانی کوردیدا جێناوی خۆییە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا سەر بە پشتڕاستکردن (جەختکردنەوە) و دڵنیایی واتاییە (التوکید المعنوي).

٩.ژمارەی جێناوە کەســـیە ســـەربەخۆکان لە زمانی کوردیدا شـــەش جێناوە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بیســت و چوار جێناوە. چونکە لە زمانی عەرەبیدا جێناوی تایبەت بە نێر و مێ و جوت هەیە، بەوەش زمانی عەرەبی هەژدە جێناوی زیاترە، واتە؛ زمانی عەرەبی فراوانترە لە زمانی کوردی لە بواری جێناوی ســـەربەخۆ."لەو زمانانەی، جیاوازی نێوان نێر و مێ هەیە، ژمارەی ڕاناوە سەربەخۆکان پترن. وەک لە زمانی عەرەبیدا "(حوسێن محەمەد عەزیز١٩٩٩: ٤٨١).

١٠.جێناوە کەسـییە سـەربەخۆکان لە زمانی کوردیدا جێناوی لکاو دەچێتە سـەریان، وەک ئێوەم بینی، منت نارد. بەڵام لە زمانی عەرەبیدا جێناوە سەربەخۆکان زیادە وەرناگرێت.

١١.زمانی عەرەبی زمانێکی شـــیکارییە (معربە)، بە جۆرێک لە هەردو زماندا شـــێوازی شـــیکردنەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکتر جودان، چونکە شـــیکردنەوە و (اعراب) دوو شـــتی جیاوازن، لە کوردیدا (اعراب) نییە، بەڵکو شـــیکردنەوە (تحلیل) هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی تایبەتمەندی هەردو زمانەکە.

١٢.لە هەردو زمانی کوردی و عەرەبیدا ئامرازی پەیوەندی دەچێتە سەر جێناوی لکاو، ئەمە لە لایەنە لێکچوەکاندا لە خاڵی (١٨) دا باســـمان کرد، بەڵام ســـەبارەت بە جێناوی ســـەربەخۆ جیاوازی نیشـان دەدەن بەم شـێوەیە" لە زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی) ئامرازی پەیوەندی تەنها و تەنها هەر دەچێتە ســـەر (جێنـاوی لکـاو)، نەک (جێنـاوی جودا) کەچی لە زمـانەکەی ئێمەدا، ئامرازی پەیوەندی بۆی هەیە بە (جێناوی لکاو) و بە (جێناوی جودا) بەکار بهێنرێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لە خاڵی جیاوازی"(شێرکۆ بابان، ٢٠٠٨: ١١٤).

١٣.ئەو لایەنە لێکچوەی کە لە خاڵی (٢٨) باسمان کرد. کە ڕێکەوتن لە نیوان کار و بکەر هەیە لە هەردوو زماندا لە ڕوی وەرگرتنی جێناوی لکاو. دەبینین لە زمانی عەرەبیدا هەمان جێناوی لکاو دەردەکەوێت لەگەڵ کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ. بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەو جێناوانەی لەگەڵ کاری تێپەڕ دەردەکەوێت جیاوازە لەو جێناوانەی کە لەگەڵ کاری تێنەپەڕ دەردەکەوێت. وەک:

تێپەڕ: ئێمە نوسیــ (مان) (کتبــنا)

تێنەپەڕ: ئێمە نوستــ (یــن) (نمــنا)

١٤.(زمانی کوردی تایبەتمەندیەک و دیاردەیەکی زۆر دەگمەن و ســەیری هەیە. لەویە زمانی کوردی تاکە زمانە بێت لەم ڕووە، ئەمیش ئەوەیە: لەکاتی گۆڕانی دەمی کارەکە لە هەندێ باردا بکەر دەبێتە بەرکار و بەرکاریش دەبێتە بکەر) (وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤ : ٣٩٣). وەک:

رابردو: ئێوە - دە – تان – نارد – ین. (تان) بکەرە، (ین) بەرکارە . (کنتم ترسلوننا)

رانەبردو: ئێمە - دە – تان – نێر – ین. (ین)بکەرە، (تان) بەرکارە. (نحن نرسلــکم)

١٥.جیاوازی جێناوە لکاوەکانی زمانی کوردی و عەرەبی کە دەچنە ســەر کاری داخوازی، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا تەنها دوو جێناوی لکاو هەیە ئەوێش: (ە) بۆ کەســی تاک و (ن) بۆ کەسی کۆ، وەک: بنوسە – بنوسن، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا ژمارەیان زیاترە، چونکە بۆ جوت جوادیە و هەروەها بۆ نێرینە و مێینەش جودایە، کە ئەمانەن:( نون النســوة، ألف الاثنين، واو الجماعة، ياء المخاطبة)، وەک: أَنْتَ اِشْـرَبْ - أَنْتِ اِشْـرَبِي - أَنْتُمَا اِشْـرَبَا - أَنْتُمْ اِشْـرَبُوا - أَنْتُنَّ اِشْرَبْنَ.

١٦.لەڕوی شێوەوە، لە زمانی عەرەبیدا وشـەکان شێوەی هەیە، ئەویش جوڵەکانە (الحركات)، وەک: فەتحە و کەسرە و زەممەو سکون (ــَــِــُــْ) وەک ( أنتَ، أنتِ) کە جێناوی یەکەمیان بۆ نێرە و دوومیان بۆ مێ، کەواتە؛ ئەو جوڵەیەی ســەر وشــەکان دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشــەکە. بەڵام ئەم شــێوە جوڵەیە لە زمانی کوردیدا نییە و لە جیاتی ئەو جوڵانە پیت دانراوە، کەواتە جیاوزییەکە تەنها لە زمانی نووسیندا دەردەکەوێت.

١٧.(لە زمانی کوردیدا زۆر ئاســاییە ئەگەر جێناوی ســەربەخۆ شــوێنی (بکەر- فاعل) لەناو ڕســتەدا بگرێتەوە و بتوانێت هەمان ڕۆڵ ببینێت، کەچی لە زمانی عەرەبیدا ئەم حاڵەتە بەرچاو ناکەوێت)(نەریمان عەبدوڵلا کەریم،٢٠٠٦: ٥٠). واتە؛ زمانی کوردی لە یەکەم هەنگاوی ڕستەسازیدا، (زمانەکە مۆرکی ڕەســەنی خۆی هەیە کە بریتیە لە (ئەرکگۆریکێی جێناو). زمانی کوردی جیاوازە لە عەرەبی چونکە روخساری فۆنەتیکی جێناوەکان نیشانەی کەیسی بکەریان پێوە نیە و دەتوانن هەرســێ ئەرکی (بکەر و بەرکار و بەرکاری ناڕاســتەوخۆ) بگێڕن. بەڵام عەرەبیدا وەها نیە و دەبینین کە (ناڕێزمان) دروست دەبێت ، بۆ نمونە جێناوی سەربەخۆی (نحن) نەخشی کەیسی (بکەر)یان پێوەیە و ناتوانن ببن بە (بەرکار) یان (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) ). (شێرکۆ بابان، ٢٠١٥: ١١٨).

١٨.لە زمانی کوردی زاری کرمانجی خوارودا یەک کۆمەڵە جێناوی کەسی سەربەخۆ هەیە کە ژمارەیان تەنها شــەش جێناوە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا جێناوە جوداکان دوو کۆمەڵەن، کە ژمارەیان بیست و چوار جێناوە، کە دوانزیان بۆ رەفعە و دوانزەکەی تری بۆ نەصبە.

١٩.ئەگەر جێناوی (ئەو) بەرامبەر (هو،هي) زمانی عەرەبی بێت، دەبینین ئەم دوو جێناوە روخساری ڕەگەزی (نێر و مێ ) دیاری دەکەن و روخساری تریان نییە بۆ (دوری و نزیکی)،

ئەگەرچی لە زمانی کوردیدا جێناوی کەسی سێیەمی سەربەخۆ تایبەتمەندی (دوری و نزیکی) هەڵدەگرێت، کە دەتوانرێت تەنها لە کەسی سێیەمدا ڕۆڵی (بکەر، بەرکار) بە هەمان کەس و لە هەمان کاردا بدرێت، وەک: (ئەو ئەمی ناردوە)(شێرکۆ بابان،٢٠١٥: ٨٢).

٢٠.لە زمانی کوردیدا بەتایبەت ئەو جێناوە لکاوانەی لەگەڵ کاری رابردوی تێپەڕ بەکاریێت جیاوازە لەوانەی لەگەڵ کاری رابردوی تێنەپەڕ بەکاردێت بەڵام لە زمانی عەرەبیدا ئەو جێناوە لکاوانەی لەگەڵ کاری تێپەڕ بەکاردێت هەر ئەوانەن کە لەگەڵ کاری تێنەپەڕیش دەردەکەوێت، وەک:

| کوردی | |
|---|---|
| **کاری تێپەڕ** | **کاری تێنەپەڕ** |
| نارد-**م** | نوست-**م** |
| نارد-**ت** | نوست-**یت** |
| نارد-**ی** | نوست-**Ø** |
| نارد-**مان** | نوست-**ین** |
| نارد-**تان** | نوست-**ن** |
| نارد-**یان** | نوست-**ن** |

| عەرەبی | |
|---|---|
| **کاری تێپەڕ** | **کاری تێنەپەڕ** |
| أرسلتُ | نمتُ |
| أرسلنا | نمنا |
| أرسلتَ | نمتَ |
| أرسلتِ | نمتِ |
| أرسلتم | نمتم |
| أرسلوا | ناموا |

٢١.لە زمانی عەرەبیدا هەرکاتێک جێناوی لکاو بەکارهات، ئەوە نابێت دەستبەرداری ببین و جێناوی جودای بۆ بەکاربێت (المبرد، ١٩٩٤: ٣٩٦). وەک : لە (کتبتُ) ناوترێت (کتبتُ أنا) یان لە (نسیتك) ناوترێت (نسیت إیاك)، کەچی لە زمانی کوردیدا جێناوی سەربەخۆ لەگەڵ جێناوی لکاودا بەکاردێت کە بۆ مەبەستی جەختکردنەوەیە، وەک نوسیم- من نوسیم، لەیادتمکرد- تۆم لە یادکرد.

٢٢.ژمارەی جێناوە نیشانەکان (أسماء الإشارة) لە زمانی عەرەبیدا هەژدە وشەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەشت جێناوە.

٢٣.لە زمانی کوردیدا دەکرێت جێناوی نیشانە جێناوی لکاو وەربگرێت. بە پێچەوانەو لە زمانی عەرەبیدا ناوی نیشانە (أسماء الإشارة) جێناوی لکاو وەرناگرێت.

٢٤.لە زمانی عەرەبیدا وشەی نیشانەی تایبەت هەیە بۆ ئاماژەکردن بۆ تاکی نێر یان مێ لەگەڵ جوتی نێر یان مێ. بۆیە بێ لایەن نیە لە ڕوی ڕەگەزەوە لە تاک و جوتدا. بەڵام وشەکانی نیشانە لە زمانی کوردیدا بێ لایەنە لە ڕوی رەگەزەوە جا بۆ تاک یان کۆ بێت.

٢٥.وشەی نێشانە لە زمانی عەرەبی لە ڕوی ژمارەوە دەبێت هاوچەشنی ئاماژەبۆکراوەکە بێت (تاک، جوت، کۆ )، جیاوازیەکەش لەشێوازی جوتی تایبەت بە زمانی عەرەبیە، چونکە لە زمانی کوردیدا تەنها شێوازی تاک و کۆی هەیە. بۆیە وشە نیشانەکانی زمانی عەرەبیدا ژمارەیان زۆرترە لە کوردی.

٢٦.فرەیی وشەی نیشانە لە زمانی عەرەبیدا؛ بۆ هەندێ ئاماژە زیاتر لە وشەیەکی نیشانە هەیە. وەک:( ذي- ذه -ذات- تي- تا- ته) بۆ تاکی مێی نزیک. بەڵام لە زمانی کوردیدا یەک نێشانە هەیە بۆ هەر بەکارهێنانێک.

٢٧.شێوازی نیشانە لە زمانی کوردی لە ڕوی دور و نزیکیەوە. تەنها دەکرێت ئاماژ بۆ نزیک یان دور بکەین ئەمەش بە گۆڕینی دەنگی (م) بۆ (و) لە نزیکەوە بۆ دور. بەڵام لە زمانی عەرەبی سەرەڕای ئاماژەکردن بۆ نزیک و دور ئەوە ئاماژەکردنی بۆ ئەو نێوەندەش هەیە ئەویش بە زیادکردنی دەنگی تایبەت بۆ سەر وشەی نیشانە، ئەویش (ل) و (ک) یان تەنها (ل). وەکو: بۆ نزیک: (ذا) بۆ ناوەند: (ذاك) بۆ دوور: (ذالك) .

٢٨.مامۆستا (مەسعود محەمەد) لەبارەی جیاوازی لەنیوان جێناوی لێکدەری کوردی و (اسم الموصول) ی عەرەبی دەڵێت"کە سەیری زمانی عەرەبی بکەیت دەبینی زاناکانی (صرف و نحو) ی عەرەبی زۆریان بە (اسم الموصول) یان داناون، لەوێشدا (الذي، الذین، اللذان، اللواتي، اللائي...) وشەی بنجین لەڕستەدا و حاڵەتی (مرفوعیة، منصوبیة، مجروریة) یان هەیە و ناشێ بقرتێن دەنا ڕستەکە واتای نامێنێ، کەچی لە کوردیدا وشەی (کە) نە ئەو سەربەخۆییەی هەیە نە ئەو بنجییەشە لە ڕستەدا، چونکە دەشێ بقرتێ "(کۆڕی زانیاریی کوردی،٢٠١٧ :٦١).

٢٩.لە زمانی کوردی زاری کرمانجی خوارودا جێناوی لێکدەر لە ڕوی ژمارەوە تەنها یەک شێوەی هەیە، ئەویش (کە)یە ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا (اسم الموصول) شێوەی تایبەتی هەیە بۆ تاک و جوت و کۆ. هەروەها لە ڕوی ڕەگەزیشەوە لە زمانی عەرەبیدا ناوی گەیاندن (اسم الموصول) تایبەت هەیە بە نێر و می، لە ڕستەی زمانی عەرەبیدا جێناوێک هەیە دەگەڕێتەوە بۆ (الموصول) پێی دەوترێت (العائد) بۆیە دەبێت (الموصول) و (العائد)ەکە لە ڕوی ژمارە و ڕەگەزەوە بگونجێن، وەک: (جاءت التي قامت) واتە؛ ئەوی مێ (هي) ، (جاء الذين قاموا) واتە؛ ئەوان (واو الجماعة). کەچی لە زمانی کوردی هەر ئەو ئامرازی(کە)یە بۆ نێر و مێ. هەروها لە زمانی عەرەبیدا هەر جێناوێکی لێکدەر زیاتر لە شێوازێکیان هەیە، وەک:( الذي، التي، اللذين،....تاد)، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەر یەک شێوازی هەیە. هەروەها لە زمانی عەرەبیدا بۆ (العاقل و غير العاقل) دوو ئامرازی لێکدەر هەیە، ئەمانەن: (من، ما).

٣٠.ئەو بەشە ئاخاوتنانەی کە لە ڕێزمانی کوردیدا بە جێناو دانراوە زۆر زیاترە لەو بەشە ئاخاوتنانەی کە لە ڕێزمانی عەرەبیدا بە جێناو دانراوە، واتە؛ ئەو جۆرانەی جێناو کە لە زمانی کوردیدا دەستنیشان کراوە زیاترە لە جۆرەکانی جێناوی زمانی عەرەبی، بۆ نمونە: لە کوردیدا ئێمە لە بەشی دووەمدا یانزە جۆر جێناومان باس کرد، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دوو جۆر جێناو هەیە، ئەویش: (جودا و لکاو) هەرچی جۆرەکانی ترە بە بەشە ئاخاوتنی تر دیاری کراوە وەک: (ناوی نیشانە، ناوی گەیاندن، ئامرازی پرسیار..تاد).

٣١. لە ڕوی مۆرفۆلۆژیەوە (جێناوەکانی زمانی کوردی بۆ سادە و ناسادە دابەشدەبن، هەرچی جێناوی ناسادەشە بەسەر جێناوی داڕێژراو و لێکدراودا دابەشدەبێت، جێناوی داڕێژراویش لە زمانی کوردیدا تەنیا بەهۆی پاشگرەوە دروست دەبێت) (خۆشناو عەزیز، سەلام ڕەحیم ،٢٠١٥: ٦٠). هەرچی جێناوەکانی زماني عەرەبیە بۆ ئەم جۆرانە دابەش ناکرێت، بەڵکو جێناوەکانیان ناوی کورتکراوەن هەندێکیان یەک پیتە (تُ ، تَ ..) یان دوو پیتە (هو ، هي ..) یان سێ پیتە (هما ..) یان چوار پیتە (أنتم..) یان پێنچ پیتە(أنتما..) هەندێکی تریشیان شەش پیتە (إیاکما ..).

**٤-٣-ئەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕوی فێرخوازی کورد دەبێتەوە لە کاتی فێربونی زمانی عەرەبیدا**

١.لایەنی دەنگسازی: ئەوەی پەیوەندی بە ئاستەنگی دەنگییەوە هەبێت کە ڕوبەڕوی فێرخوازی کورد دەبێت بۆ فێربونی زمانی عەرەبی، ئاستەنگی گۆکردنی هەندێ لە دەنگەکانی زمانی

*Journal of Language Studies.* **Vol. 5, No. 1, Atumn 2021, Pages (328-354)**

عەرەبیە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمانی عەرەبی کە جیاوازی هەیە لە دەنگە دەربڕاوەکە و شێوەی پیتەکەی، کە ئاخێوەری کوردی بە هۆی نەبونی هەندێ دەنگ لە زمانەکەی ناچارە بیگۆڕێت بە دەنگێکی نزیکتر، وەک گۆڕینی دەنگی /ذ/، /ض/، /ظ/ بۆ /ز/ دەنگی /ث/، /ص/ بۆ /س/، هەروەها دەنگی /ط/بۆ /ت/.

٢.لایەنی وشەسازی: چونکە بەشی زۆری وشەی زمانی عەرەبی پشت بە (فەتحە) و (زەممە) و (کەسرە) دەبەستێت و پەیوەندی واتای هەیە لە نیوانیان، زۆرجار فێرخوازی کورد درک بەوە ناکات کە گۆڕینی ئەو نیشانانە واتا دەگۆڕێت، واتە؛ زۆرجار ئەگەر شێوەی وشەکە بگوڕدرێ واتاکەی دەگۆڕدرێ، وەک: (حَسِبَ) گومانی کرد ، (حَسَبَ) ژماردی . (البَرّ) وشکانی ، (البِرّ) چاکە. هەروەها چەند ئاستەنگێکی تریش بەدی دەکرێت لەم ئاسەتەدا وەک (داڕشتنی وشە و نێر و مێ و جوت و جیاکردنەوەی چاوگ وکار ...تاد).

٣.لایەنی ڕستەسازی: جیاوازی ڕۆنانی ڕستەی زمانی عەرەبی لە ڕۆنانی ڕستەی زمانی کوردی، لەوانە: نەبونی کاری ناتەواو (أفعال الکینونة) لە ڕستەی زمانی عەرەبی، وەک: (محمد طالب) ئەم دیاردەیەش لە کوردیدا نییە و کاری ناتەواوی تێدایە، وەک: ئازاد مامۆستایە(ـە). هەروەها زۆرجار ئازادی هەیە لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستەی زمانی عەرەبیدا وشە پێش و پاش دەخرێت و فێرخوازی کورد نازانێت کامە پێشخراوە، وەک هێنانی گوزارە بۆ پێش نیهاد (تقدیم خبر المبتدأ)، یان هەندێ جار بەرکار بۆ پێش بکەر (المفعول بە علی الفاعل) یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ پێش بەرکاری ڕاستەوخۆ (المفعول الثاني علی الأول). ئەمەش بۆ ئاسانکردنی دانانی کە رەستەکانی ڕستە و دیاریکردنی ئەرک و شوێنیان. وەک دەوترێت: سافر دانا إلی کردستان، دانا سافر إلی کردستان، إلی کردستان سافر دانا.

٤.ڕێنوسی عەرەبی: نزیکی شێوەی هەندێ لە پیتەکان وا لە فێرخواز دەکات کە بە لێکچویان دابنێت. وەک پیتەکانی (ح،ج،خ)، (ت،ث)، (ع، غ). هەروەها گرفتی جیانەکردنەوە و نوسینی پیتەکانی (ظ،ض). هەروەها ئاستەنگێی تری ڕێنوسی زمانی عەرەبی بۆ فێرخوازی کورد نوسینی پیتی (ئەلف)ە کە دوو شێوەی هەیە: (ا،ی)، وەک: (دعا) و (رمی). دیسانەوە گرفتی ئەو ئەلفەی (واو الجماعە) یە بەدی دەکرێت، چونکە ناخوێندرێتەوە، ئەمەش وادەکات زۆرجار بە هەلە نەنوسرێت لەلایەن فێرخوازەوە. هەروەها تێکەڵکردن لە نوسینی پیتی (ت) کە پێی دەوترێت (التاء المفتوحة) و پیتی (ة)کە پێی دەوترێت(التاء المربوطة).

٥.گواستنەوەی زمانی، یەکێکە لە دیارترین و گرنگترین هۆکاری هەڵەکان لە لای قوتابی کاتێک فێری زمانی دووەم دەبن چونکە شارەزایی زمانی خۆیان لە زمانی دایک دەگوازنەوە بۆ زمانی دووەم، بۆ نمونە: نە بونی جێناوی جوت(المثنی) لە زمانی کوردیدا. کە لەکاتی وەرگێرانی بۆ کوردی، ئەوە جێناوێکی بەرامبەری نییە، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر ئاماژەی تر وەک وشەی (جوت) یان ژمارە (دوو) ، وەک:
(الحارسان وقفا أمام الباب). دوو پاسەوانەکە لە پێش دەرگا وەستان.

**پەراوێزەکان**

(١) مامۆستا (نوری عەلی ئەمین) لە بابەتی (جێناوی نیشانەدا)، ئەم هاوەڵکارانەی بە جێناوی نیشانە داناوە (نزیکی تاک: ئێرە، نزیکی کۆ: ئێرانە، دووری تاک: ئەوێ، دووری کۆ: ئەوی یانە) (٢٠١٤: ١٠٧).

(٢)لە ڕێزمانی عەرەبیدا ڕێگەپێدراوە کە (ها) ئاگاداردنەوە لە جێناوی نیشانە جیابکرێتەوە، واتە؛ جێناوی نیشانەی ڕاستەقینە (ذا، ذە...تاد) یە. بڕوانە کتێبی: (الشیخ مصطفی الغلاییني،١٩٩٤، ١٢٨)، بۆیە لە باسەکانی داهاتوودا بەبێ (ها) ئاگادارکرنەوە (التنبیهیة) باسی دەکەین.

(٣) اختلاس: جۆرە درکاندنێکی دەنگیە، کە سوک و خێرایە، نابێت دەنگەکە درێژ بکرێتەوە. ئەمەش لە گە ڵ کەسرەی ژێر دەنگی (ـِە) دەبێت.

(٤) إشـباع: ئەمەش ڕونکردنەوەیە بۆ جۆرە درکاندنێکی دەنگی، کە بەهێزە و ماوەی دەنگەکە درێژترە ئەمەش لە گەڵ کەسرەی ژێر دەنگی (ـەِ) دەبێت و کە دەتوانرێ بەم شێوەیە بنوسرێ (ذهي).
(٥) وشـــەی (مبني) لە ڕێزمانی عەرەبیدا مەبەســـت لێی ئەو وشـــەیەیە کە (حرکة) ی کۆتایەکەی جێگرە و شێوەکەی ناگۆرێ. ناوە مبنێەکانیش ئەمانەن:( جێناوکان – وشەی نیشانە – ناوی گەیاندن)، (لە ناوی گەیاندنیش جگە لە (اللذان، اللتان) کە بە ناوی جوت شیدەکرێنەوە (معربان اعراب مثنى) ) (فؤاد نعمة،؟.١٢٤).

# Sources and references


**Kurdish language**

**A-books**

1. Ahmad Hassan Ahmad (1976) Rezamani Kurdis be Kurdi u Aarabi, volume (1), first eddtion, Dar Al-Jahiz Press, Bagdad.
2. Hossan Mohmad Aziz (1999), Seliqey zamanwani u grftekani zimani kurdi, Serdem Press, Slimani.
3. Kamil Hasan Besir (2013) Berawrdik la niwan zimani kurdi u zamani Arabida, 2st Eddtion, Hivi press, Hawler.
4. Kuri Zanyarii kurdi (1396-2017) Rizamani Aaxwtni kurdi, Kurdistan press, Snna
5. Massoud Muhammed (2011) Hande babati ziman u renwsi kurdi, 1st Eddtion, Aras press, Hawler.
6. Nariman Abdulla xoshnaw (2012), Rizamani Kurdi, 4th Eddtion, Rojhelat press, Hawler.
7. Nariman Abdulla xoshnaw (2014), Zar u Zaman, 4th Eddtion, Hivi press, Hawler.
8. Nouri Ali Amin (1986), Erak u shni ranawy kesyekan, la (axawtni kurdi) da, first Eddtion, Bagdad.
9. Nouri Ali Amin (2014), Rizamani Kurdi, 4th Eddtion, Rojhelat press, Hawler
10. Parween Osman Mustafa Aalaf (2009) Wata u wargeran (lekolyneweyeky watasazya), Published master's thesis, first Eddtion, Rojhelat Press, Hawler.
11. Rafiq Shwani (2011) wshezazi zimani kurdi, first eddtion, Dezgay Mukerian Press, Hawler.
12. Sharkۆ Baban (2015) Panoramayek bo rizmani cenaw, 1st Eddtion, Minara press, Hawler.
13. Shirko Baban (1997) Dynamizmy cenawi lkaw la rstesazida, 1st Eddtion, Mardin press, Hawler.
14. Shirko Baban (2008) Handsek la akare renginekani razmani kurdi, 1st Eddtion, xani press, Dehok.
15. Urahmani Haji Marv (2014) Rezamani Kurdi, volume (1) (Weshesazi), part (2) (cenaw), Rozhhelat Press, Hawler.
16. Wrya Omer Aemin (2004) Asoyaki Tri Zimanawani, first Eddtion, Aras press, Hawler.

**B-theses**

17. Abdula Hussein Resul (1995) morfime Rizmanekani kar, a thesis degree from, Kurdish Department, Education College Ebin rushd, Baghdad University, Bagdad.
18. Bedir khan Suleiman Ali (2006) cynawy xoyi le zmany kurdida, a master's degree from, Kurdish Department, Education College Ebin rushd, Baghdad University, Bagdad
19. Nariman Abdulla Karim xushnaw (2006) Bker nadyar: lekolyneweyaki baranbariyeh, la niwan, zamani Kurdi u Zimani Arabida, a master's degree from, Kurdish Department, Education College Ebin rushd, Baghdad University, Bagdad.

**C-journals**

20. Abdullah, Mhabad, Ahmed, Talar. "Krdey kirtandin le syntax zimani Kurdi u Arabida-tuyjneweyaki beranberkarya", *Journal of Garmian University*, 2019; 6(3): 122-132. doi: 10.24271/garmian.19638
21. Dilshad Muhammed Ghareeb (2009) Jinaw Le Shiwezari (Khanaqi/Lori), Journal of Kirkuk University Humanity Studies, Issue: 2/Volume: 4, L97-111.
22. Khdir, R. (2018) "Clitic in Kurdish language", *Zanco Journal of Humanity Sciences*, 22(2), pp. 245 - 253. doi: 10.21271/zjhs.2018.22.2.15.
23. Nazanin Jelal Ahmed (2015)" Fra arky morfima bende rizmanyekan le zimani kurdida (kurmanci seruw)" *ALUSTATH JOURNAL FOR HUMAN AND SOCIAL SCIENCES*, 214(1), pp. 649-668. doi: 10.36473/ujhss.v214i1.1466.
24. Xoshnaw aziz & Selam rehim, "Rizmani cenaw le kirmanci nawrastda", *Journal of Garmian University*, 2015; (7). pp.33-67.

**Arabic language**

**A-Books**

25. The Holy Qur'an.
26. Abbas Hassan (1975) Al-Wafi Grammar. Third Edition, Dar Al Maarif, Cairo.
27. Al-Mubarrad, Abi Al-Abbas Muhammad bin Yazid (1994) Al-Muqtab, investigated by Muhammad Abdul-Khaleq Udayma, part/1, 3rd Ed, Al-Ahram Press, Cairo.
28. Fouad Nehme (?) Summary of Arabic Grammar, Part One, Nineteenth Edition, Nahdet Misr Press, Cairo
29. Ibrahim Anis (1966), min Asrar Al-Lughah, third edition, Anglo-Egyptian Library, Cairo.
30. Joseph Elias (1998) Al-Kafi in Morphology, Grammar and Arabic, Dar Al-Ilm for Millions, Beirut.
31. Mahmoud Ismail sini & Ishaq Muhammad Al-Amin (1982), (Arabization and Editing), "Linguistic Correspondence and Error Analysis", first edition, Deanship of Library Affairs - King Saud University, Saudi Arabia.
32. Muhammad Abdullah Gabr (1980) Pronouns in the Arabic Language, Dar Al Maaref, Egypt.
33. Muhammad Abul-Fath Sharif & Abdul-Razzaq Abi Zaid Zayid (1977) The structure of the word between Arabic and English, Al-Shabab Library, Cairo.
34. Muhammad bin Yusuf bin Ahmed (2007) Explanation of the Tashel called the Pavement of the Rules with an Explanation of Tashel Al-Fawad, Volume One, First Edition:, Dar al-Salaam for printing, publishing, distribution and translation, Cairo.
35. Muhammad Muhyi al-Din Abd al-Hamid (1980) Sharh Ibn Aqil on Alfiya Ibn Malik, part (1). (20) Ed, Dar Misr for Printing, Cairo.
36. Nour Al-Huda Al-Washan (2006) Investigations in Linguistics and Linguistic Research Methods, first edition, Al-hadith University Office, Alexandria.
37. Sheikh Mustafa Al-Ghalayni (1994), the Collector of Arabic Lessons, Part One, Thirtieth Edition, Al-Asriya Press, Beirut.
38. Tammam Hassan (1994), the Arabic language, its meaning and structure. House of Culture, Al-dar Al- bithaa, Morocco.
39. Tammam Hassan (2000), Grammar Abstract, First Edition, Alam Al-kutb, Cairo

**B-journals**

40. Adel Sheikh Abdullah Ahmed & Abdul Basir bin Muhammad al-Fatih al-Makrati (2018), 'Eminent Pronouns in the Arabic Language and the Hausa Language - A Contrastive Study', Umm Al-Qura University Journal of Language Sciences and Literature, Issue (22), October
41. Danduqa Fawzia (2010) Arabic Pronouns: Concept and Function, Journal of the Faculty of Arts, Humanities and Social Sciences, No. 6, University of Mohamed Khider - Biskra (Algeria), pp. 11-26.
42. Jassim Ali Jassim (2013) A Contrastive Study between the Arabic and Malay Languages at the Issue Level, Journal of Linguistic Studies: King Faisal Center for Research and Islamic Studies in Riyadh, Vol. 15, No. 2, pages 115-167.
43. Latif Onriti Ibrahim (2010) “The Grammatical System in Yoruba and Arabic: A Contrastive Study”, Al-Asala Journal, Ilorin State University Nigeria, No. 1, Part 1, pp. 102-125
44. Mohamed Arbaoui (2017) (Al-Dhmair fi Al-ahadidh alqudsya, qraa fi alrbt alehali) Journal of Problematics Volume: 6 Issue: 3, Serial Issue No. 1, University of Mohamed Boudiaf-Msila / Algeria
45. Nizar Qabilat, and Ismail Al-Aqtash, (2014) The Arabic morpheme (Ma), and the English morpheme (What) in linguistic use: an applied comparative study, An-Najah University Journal of Research (Humanities) Volume 28 (1).
46. Suleiman bin Omar Al-Suhaibani, “Demonstrative Names in Arabic and English: A Contrastive Study”, Journal of Arab Sciences, Issue 37, Shawwal 1436 AH. p 246

**English language**

47. Lado, R. (1957). Linguistics across cultures. Ann Arbor: University of Michigan Press.

**Online websites**

48. Ali Younis Al-Dahesh (2008), (Contrastive Analysis Approach in Linguistics) Australian National University (Canberra - Australia), ILLAF website, https://elaph.com/Web/Culture/2008/10/372610.html
49. Geethaakumary, v. (2002): "A Contrastive Analysis of Hindi and Malayalam" Language in lndia' Vol: 2, 6 September, available on: http://www.languageinindia.com/sep2002/chap1.html